Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.196406

# پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حزبی شیوعیی عێراق لەنێوان سالانی 1979-1988

**ژیلوان عبدالله احمد**

پەیمانگای تەکنیکی دوکان، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

**پوختە**

سالانی نێوان 1979 تاوەکو ساڵی 1988 بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان، سالانێکی پڕ ڕووداو و گۆڕانکاری سیاسیی و سەربازی بوون، چەندین حزب و ڕێکخراوی سیاسیی عێراقی و کوردی لە دژی حکومەتی عێراقی مژۆڵی بەرەنگاری و کاری چەکداری بوون، ئەمە وایکردبوو لە لایەکەوە هەمەچەشنی و فرە ئایدۆلۆجی و پلۆرالیزم بە شۆڕشەکە ببەخشێت و لە لایەکی تریشەوە دەبووە مایەی دروستبوونی پەیوەندی لەنێوان ئەم لایەنانەدا، کە لە هەندێك حاڵەتدا باش بوون و کاری دروستبوونی بەرەی لێکەوتەوە و لە هەندێك حاڵەتی تریشدا بە پێچەوانەوە بووە مایەی دروستبوونی شەڕی ناوخۆ و کوژرانی دەیان کەسی لایەنە بەشەڕهاتووەکان، کە هەریەکێکیشیان چەندین پاساوی بۆ سەپاندنی شەڕ بەسەر لایەنەکەی تردا دەهێنایەوە، یەکێك لەو بواری پەیوەندییانە بریتی بوو لە پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی شیوعیی عێراق کە تازە هاتبوە دەرەوە و دەستیکردبوە کاری چەکداری، بۆدەرخستن و ڕوونکردنەوەی ئەو پەیوەندییە و ئەو ڕووداوە سیاسییانەی پەیوەست بەم بابەتە ناونیشانی توێژینەوەکە (پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی شیوعیی عێراق لە نێوان سالانی 1979-1988)مان دانا، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە بەشێوەیەکی زانستیی و ئەکادیمیی ئەو پەیوەندییانە لەنێوان ئەو دوو پارتە سیاسیەدا لەو قۆناغەدا دەربخەین.

***Article Info***

Received: October, 2019

Revised:December,2019

Accepted: December ,2019

***Keywords***

حشع- بەرەی جوود- پشت ئاشان- کەریم ئەحمەد – ئاشتبوونەوە

***Corresponding Author***

zhelwanabdullah@gmail.com

## پێشەکی

سالانی نێوان 1979 تاوەکو ساڵی 1988 بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان، سالانێکی پڕ ڕووداو و گۆڕانکاری سیاسیی و سەربازی بوون، چەندین حزب و ڕێکخراوی سیاسیی عێراقی و کوردی لە دژی حکومەتی عێراقی مژۆڵی بەرەنگاری و کاری چەکداری بوون، ئەمە وایکردبوو لە لایەکەوە هەمەچەشنی و فرە ئایدۆلۆجی و پلۆرالیزم بە شۆڕشەکە ببەخشێت و لە لایەکی تریشەوە دەبووە مایەی دروستبوونی پەیوەندی لەنێوان ئەم لایەنانەدا، کە لە هەندێك حاڵەتدا باش بوون وکاری دروستبوونی.

بەرەی لێکەوتەوە و لە هەندێك حاڵەتی تریشدا بە پێچەوانەوە بووە مایەی دروستبوونی شەڕی ناوخۆ و کوژرانی دەیان کەسی لایەنە بەشەڕهاتووەکان، کە هەریەکێکیشیان چەندین پاساوی بۆ سەپاندنی شەڕ بەسەر لایەنەکەی تردا دەهێنایەوە، یەکێك لەو بواری پەیوەندییانە بریتی بوو لە پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی شیوعیی عێراق کە تازە هاتبوە دەرەوە و دەستیکردبوە کاری چەکداری، لە دژی ئەو ڕژێمەی

کەساڵانێك بوو لەگەڵیدا بەرەی پێکهێنابوو، ئەم دوو پارتە سیاسییە وەك دوو پارتی ناو کایەی سیاسیی باشووری کوردستان هەندێك جار پەیوەندییان باش بوە و هەندێك جاریش زۆر خراپ، کە بۆتە مایەی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لە نێوانیاندا.

بۆدەرخستن و ڕوونکردنەوەی ئەو پەیوەندییە و ئەو ڕووداوە سیاسییانەی پەیوەست بەم بابەتە ناونیشانی توێژینەوەکە (پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی شیوعیی عێراق لە نێوان ساڵانی 1979-1988)مان دانا، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە بەشێوەیەکی زانستیی و ئەکادیمیی ئەو پەیوەندییانە لەنێوان ئەو دوو پارتە سیاسیەدا لەو قۆناغەدا دەربخەین.

## میتۆدی توێژینەوەکە:

هەوڵمانداوە لە نووسینی ئەم توێژینەوەدا پشت بە میتۆدی لێکۆڵینەوەی زانستی مێژوویی ببەستین کە لە سەر بنچینەی شیکردنەوە و هەڵێنجان سەرچاوەی گرتوە، ئەمەش بە تێڕامان و وردبوونەوە لە سەرچاوە مێژووییەکان و بەڵگەنامە باوەڕپێکراوەکانی پارت و ڕێکخراو و گرووپە سیاسییە جیاجیاکانی سەرگۆڕەپانی کوردستان و نێوچەکە.

## گرفتەکانی بەردەم توێژینەوەکە:

لە کاتی کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر بەشە جیاوازەکانی ئەم توێژینەوەیەدا، دووچاری چەندین گرفت و ئاستەنگ بووین، لەوانە: دەستنەکەوتنی هەندێك سەرچاوە و بەڵگەنامەی پێویست کە ڕەنگە تا ئێستا بە شاراوەیی مابێتنەوە، هەروەها کەمی کات و ئامادە نەبوونی ئەو کەسایەتیانەی کە بەشداری ڕووداوەکان بوون لەو قۆناغەدا بۆ چاوپێکەوتن، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا و لە میانەی خوێندنەوە و وردبوونەوە لە ڕووداوەکان و بەراوردکردنی و شیکردنەوەیاندا، توانیومانە بەشێکی زۆری لایەنە نادیارەکانیان بخەینە ڕوو، کە سەرچاوەکان وەك پێویست ڕوونیان نەکردۆتەوە.

## پێکهاتەی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکیەك و چوار تەوەرە پێکهاتووە بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

**تەوەرەی یەکەم :** سەرەتای دروستبوونی پەیوەندییەکان لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حیزبی شیوعیی عێراقی1979-1988

**تەوەرەی دوەم :**کاریگەری پەیوەندییەکانی یەکێتی و حشع لە کاتی دروستکردنی بەرەکاندا(جوقد و جود)لە ساڵی 1981.

**تەوەری سێیەم:** دروستبوونی ئاڵۆزی لە پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حیزبی شیوعیی عێراقی 1981-1986 .

**تەوەری چوارەم:** پەیوەندییەکانی یەکێتی و حشع لە کاتی ئاشتبوونەوەی گشتی و بەرەی کوردستانی1986-1988.

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە پشتمان بە کۆمەڵێك سەرچاوە و یادداشتی سیاسییەکان و چاوپێکەوتن و بەڵگەنامەی ئەو قۆناغە بەستوە، کە لە لیستی سەرچاوەکاندا ئاماژەی بۆکراوە.

لەم تۆێژینەوەیەدا پشتمان بە چەندین سەرچاوەی مێژووی جیا جیا بەستوە، بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی، ئەو سەرچاوانەی کە سودێکی یەکجار زۆرمان لێ بینیوە،لەوانە تێزی دکتۆرای سەروەر عبدالرحمن عمر بە ناونیشانی( پارتی کۆمۆنیستی عێراق و مەسەلەی کورد 1934-1975)، هەروەها نەوشیروان مستەفا کە کتێبەکەی بەناوی (پەنجەکان یەکتر ئەشکێنن) لەگەڵ( خولانەوە لە نێو بازنەدا). و کتێبەکەی فاتیح ڕەسوڵ لە هەر سێ بەرگەکەی بە ناونیشانی( چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی خەباتی گەلی کوردمان 1979-1990) کە نوسەر خۆی ئاگاداری ڕوداوەکان بووە، هەروەها تێزی دکتۆرای علی تەتەر نێروەی بە ناونیشانی( بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە باشوری کوردستان لە ساڵانی جەنگی عێراق ئێراندا 1980-1988) کە بە وردی باس لەم قۆناغە دەکات، بەڵام نوسینەکەی یەك لایەنەی پێوە دیارەو زیاتر باس لە ڕۆڵی کارای(پدك) دەکات، لە کاتێکدا ڕۆڵی بەرچاوی لایەنەکانی تری فەرامۆش کردووە. هەروەها سودمان لە کتێبەکەی سەلام عەبدولکەریم بە ناونیشانی( ژیانی سیاسی لە باشوری کوردستان 1975-1991 سەرهەڵدان و دروستبونی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان) وەرگرتووە، لەگەڵ چەندین کتێبی گرنگی تر.

هەروەها سودمان لە بیرەوەریەکانی ئەو کەسانەش وەرگرتووە، کە خۆیان لە نێو ڕووداوەکاندا بوون، وەك مەلا ئەحمەد بانیخێڵانی لە کتێبی( بیرەوەریەکانم)دا، کەریم ئەحمەد لە ( ڕێڕەوی تێکۆشان)دا و ڕێباز لە کتێبی( قەندیل بەغدادی هەژاند) و چەندان بیرەوەری تر .

هەروەها نابێت سەرچاوە عەرەبیەکانیش لە یاد بکرێن لەوانە کتێبەکەی مێڤان عارف بادی بە ناونیشانی (موقف الاحزاب السیاسیه العراق فی القضیەالکردیه) و هەروەها کتێبەکەی سمیر عبدالکریم بە ناونیشانی( أضواء علی الحرکه الشیوعیه فی العراق) کە سودمان لێ بینیون، لەگەڵ چەندین سەرچاوە و چاوپێکەوتنی ترکەلە لیستی سەرچاوەکاندا ئاماژەی پێکراوە.

**تەوەرەی یەکەم :**سەرەتای دروستبوونی پەیوەندییەکان لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حیزبی شیوعیی عێراقی1979-1981.

سەرەتاکانی دروستبوونی پەیوەندی نێوان حشع و (ی.ن.ك) دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سالی(1978)، کە هێزەکانی (ی.ن.ك) لە شاخەکانی کوردستان لە چالاکی بەردەوامدا بوون دژی حکومەتی عێراقی، بۆیە دەبوو (حشع) پەیوەندی لەگەڵ پارتە سیاسیەکانی کوردستاندا دروست بکات و جێ پێی خۆی قایم بکات لە کوردستاندا، یەکێك لەو حیزبانەی کە هەر لە سەرەتاوە حشع ویستی پەیوەندی لەگەڵدا دروست بکات (ی.ن.ك) بوو . [1]

---

1نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتر ئەشکێنن، دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق 1979-1983، چ3 ، 1998، ل 30 ، ئەحمەد بانی خێڵانی:بیرەوەریەکانم، ستۆکهۆڵم - سوید، 1997، ل339.

دوای ئەوەی سەرکردە باڵاکانی(حشع) کەوتنە بەر لێدان و پەلاماردان و سەرکوتکردنێکی بێ وێنە لە لایەن ڕژێمی بەغدادەوە 2، دەزگا ئەمنیەکانی بەعس زۆر بەوردی بەدوای شیوعیەکاندا دەگەڕان، لەم کاتەدا مام جەلال نامەیەکی بۆ کۆمیتەی سەرکردایەتی ناوشار نووسیبوو:"ئەبێت ڕێکخستنەکانی ناو شار بەهەموو شێوەیەك هاوکاری هاوڕێیانی (حشع) بکەن، ئەوەی ویستی بێتە شاخ هاوکاری بکرێت و بگەیەنرێتە ناوچە ڕزگارکراوەکان" 3. ئیتر لەم کاتەوە ئەندامانی (حشع) تاك و تەرا پەیوەندیان بە شاخەوە دەکرد4. لێرەدا مەحموود سەنگاوی دەڵێ:" کە حشع تەنگی پێ هەڵچنرا و هەموو دەروازەکانی لێگیرا، ناچاربوو ڕوو بکاتە کوردستان، زۆر لە ئەندامانی سەرکردایەتیان گەیشتنە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش و لە لایەن(ی.ن.ك) پێشوازیان لێکرا و یارمەتی دران و بارەگایان دانا و هەندێ چەکیشیان پێدرا5 ."

شاخەوان عەباس لە کتێبی سەفەری کوردایەتی دا باس لەوە دەکات کە سەید کاکە ئەم پێشوازیە گەرمەی (ی.ن.ك)ی لە ئەندامانی حشع زۆر پێ ناخۆش بوو، دەیگوت ئەمانە جاشن و چەندین پێشمەرگە لە سەر دەستی ئەمان ئیعدام کراون 6. دوای ئەوەی حشع بارەگایەکیان لە ناوزەنگ دامەزراند، ئەو کات ژمارەیەکی زۆریش لە حیزبەکانی تری عێراق و ئێران بارەگاکانیان لە دۆڵی ناوزەنگ و شێنێ بوون7 .

مام جەلال و لایەنگرەکانی بە خۆشیەکی زۆرەوە جیابوونەوەی بەعس وحشع یان وەرگرت. ئەمەش لەبەر دوو هۆکار بوو، یەکەم: چونکە لایان وابوو بەهاتنی (حشع) بۆ شاخ پشتیوانی یەکێتیی سۆڤیەت و هەموو حیزبە شیوعییەکانی دونیا لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ بۆ شاخەکانی کوردستان، دوەم: بۆچونەکانیان سەبارەت بە حیزبی بەعس و سروشتی ڕژێمەکەی و پاشەڕۆژی هاوپەیمانیەتی شیوعی و بەعس بەڕاست دەرچوو 8.

فاتح ڕەسووڵ دەڵێ:"کاتێك لە بەرواری (8\4\1979) هاوڕێیان کەریم ئەحمەد و تۆماس تۆماس لە مەهاباتەوە گەیشتنە بنکە، پێشوازی گەرمیان لێکرا، هاوڕێ کەریم ئەحمەد، بۆ ڕۆژی دوەم چەند کۆبونەوەیەکی لەگەڵ هاوڕێیاندا کرد و ئێوارەکەشی میوانی جەلال تاڵەبانی بووین، کە هەموو ئەندامەکانی (ی.ن.ك) ئەوانەی لە ناوزەنگ بوون بەشداری خوانەکە بوون، بۆ ڕۆژی

2 جەلال دەباغ: خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی پشتئاشان لەنێوان ئازار و بێدەنگی دا، چ1، هەولێر، 2000، ل 7.

3 لالۆ عبدالرحمن پێنجوێنی: نیو سەدە بۆ نیشتمان، چ1، چاپخانەی شڤان، سلێمانی 2012، ل309.

4ئەرسەلان بایز: ڕۆژانی سەخت، ب.ش.چ، ب.س، ل105.

5محمود سەنگاوی: بیرەوەریەکانی سەنگاوی، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، 2004 ، ل56.

6شاخەوان عەباس: سەفەری کوردایەتی، بیرەوەریەکانی شار و شاخ، ب1، چ1، ب.ش.چ، 2002، ، ل226.

7ئەرسەلان بایز: ڕۆژانی سەخت، ب.ش.چ، ب.س ، ل105.

8نەوشیروان مستەفا: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق (1979-1983)، 1997،ب.ش، ل31.

سێیەم کۆبوونەوە لەگەڵ گشت هاوڕێیانی بنکە کرا، کە ژمارەیان نزیکی سەد هاوڕێ دەبوون، هاوڕێ کەریم ئەحمەد ڕایگەیاند کە حیزب بڕیاری داوە خەباتی چەکداری بکات9."

لەم قۆناغەدا ناکۆکی نێوان پارتە سیاسیە کوردیەکان یەکجار سەخت و دژوار بوو، زۆرجار پێکدادانی سەربازی لێدەکەوتەوە. (حشع) کە زۆر لە مێژ نەبوو بڕیاری خەباتی چەکداری دابوو، کەوتە نێو ئەم ململانێیە10 .

سەرکردایەتی حشع بە یەك چاو سەیری (ی.ن.ك) و (پدك) دەکرد، لە ناکۆکی نێوان (ی.ن.ك) و (س.ك)دا، ئەیانوویست دەوری نێوەند ببینن11.سەرەتا وەك ناوبژیوان و ڕێکخەری پەیوەندییەکانی نێو پارتە کوردییەکان کەوتنە کار، بەتایبەتی ناوبژیوانی نێوان (حیزبی سۆسیالیستی کوردستان) و (ی.ن.ك) کە لەو کاتەدا نێوانیان بەرەو گرژی وئاڵۆزی دەڕۆشت، ئەوەبوو لە ڕۆژی (5\5\1979) یەکەمین کۆبوونەوەی نێوان یەکێتی و حسك لە بارەگای (حشع) لە نێوان نوێنەرانی یەکێتی و نوێنەرانی حسك و لیژنەی میانگیری حشع بەسترا، لە سەر چەند خاڵێك ڕێککەوتن بۆ نەهێشتنی ناکۆکی و دروست نەبونی شەڕ، گرنگترین خاڵیان بریتی بوو لەوەی کە هەوڵ بۆ دروستکردنی بەرەیەکی فراوانی عێراقی بدەن. سەرباری ئەوەی پەیوەندییەکانی نێوان (ی.ن.ك)و(حسك) بەرەو ئاڵۆزی ڕۆیشتوو گرژی تێکەوتەوە بواری نەدا زەمینەیەکی لەبار هەبێت بۆ پێکهێنانی بەرە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە شاخ لە ڕۆژی(22\10\1979) نوێنەرانی (حشع) و (ی.ن.ك) و حیزبی بەعس (باڵی سوریا) و بزووتنەوەی ئیشتراکیی عەرەبی کۆبونەوەیەکی چوار قۆڵییان کرد، لەو کۆبونەوەیەدا لیژنەیەك بۆ تەنیسیق و لیژنەیەکی هاوبەشی ڕاگەیاندن پێکهاتوو بڕیار درا مانگانە کۆبوونەوەو دیدار بکرێت12. ئەم بەرەیەش زۆری نەخایاند، لەناوخۆشدا تا دەهات ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حیزبە سیاسییەکان ڕووبەڕووی ئاڵۆزی و بارگرژی و شەڕ دەبوونەوە، بە تایبەتی لە نێوان سەرکردایەتی کاتی (پ.د.ك)و(ی.ن.ك)، لێرەشدا (حشع) بەردەوام بوو لە سەر ڕۆڵی میانگیری و کەوتە نێوانیان بۆ ئازاد کردنی ئەو گیراوانەی کە لە لایەن هەردوو لایانەوە دەست بەسەر کرابوون13 ، بەڵام تاڕادەیەك پەیوەندیەکانیان ئاسایی بوون.

بڕیاری هەردوولا هاتە سەر ئەوەی هەموو دیلەکانی پارتی بگۆڕنەوە بە (3)دیلی یەکێتی، گیراوەکانی یەکێتی (3) کەس بوون، یەکێتی هەموو گیراوەکانی پارتی لە(29ی حوزەیرانی 1980)دا تەسلیم بە حشع کرد ئەویش بردنیەوە بۆ (پدك)، بەڵام گیراوەکانی (ی.ن.ك) دووانیان دوای دوو هەفتە بەردران، بەڵام ئەوی دیکەیان بەرنەدرا بە تۆمەتی ناڕاست، کە گوایە ویستویەتی

9چەند چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی خەباتی گەلی کوردمان، ب1، چ2، سوید، 1988، ل55.

10ژیلوان عبدللە احمد: س.پ، ل63.

11 نەوشیروان مستەفا: پەنجەکان یەکتر... ،س.پ، ل31.

12ئەحەد بانیخێڵانی : س.پ ، ل368.

13ژیلوان عبدللە احمد: س.پ، ل66.

**سەرۆکی (پدك) بکوژێت، ئەم پەیمان شکێنیەیی (پدك) لای حشع بە ئاسای وەرگیراو و هیچ نارەزاییەکیان دەرنەبری، ئەمەش نمونەیەك بوو لە ناوبژیوانی حشع کە لە نیوان یەکێتی و پارتیدا ئەنجامی دا.14**

**تەوەرەی دووەم : پەیوەندییەکانی یەکێتی و حشع لەکاتی دروستکردنی بەرەکانی(جوقد) و(جوود) لەساڵی 1980**

**دەوڵەتی سووریا لە کۆتای تشرینی یەکەمی (1980) دەستی کردبوو بە رێکخستنەوەی ئۆپۆزسیۆنی عێراق بۆ رووخاندنی رژێمی بەعس 15. ئەوەبوو لە شەوی (12ی تیشرینی دووەمی 1980)دا، رادیۆی دیمەشق هەواڵی دامەزراندنی بەرەیەکی بڵاوکردەوە، بەناوی بەرەی (جوقەد)16 .(الجبهه الوطنیه القومیه الدیمقراطیه العراقیه) 17، ئەو لایەنانەی کە تیایدا بەشداربوون ئەمانە بوون:-**

**یەکەم: یەکێتی نیشتمانیی کوردستان.**

**دووەم: حیزبی شیوعیی عێراقی.**

**سێیەم: حیزبی سۆسیالیستی کوردستان (حسك).**

**چوارەم: حیزبی بەعسی عەرەبیی سۆسیالست18.**

**پێنجەم: حیزبی سۆسیالیستی عێراق.**

**شەشەم: رێکخراوی سوپای رزگاری میللی عێراق.**

**حەوتەم: بزووتنەوەی سۆسیالیستی عەرەبی .**

**لە (جوقد)دا (پدك) پشتگوێ خرابوو، راستیەکەی ئەوە بوو یەکێتی ئەیویست (پدك) تەوق بکات، حسك و حشع دوو لایەنی بەرەی (جوقد) بوون، مەحموود عوسمان پەیمانی جوقدی لە باتی حسك ئیمزا کرد، بەڵام سەرکردایەتی حسك لە کوردستان بێئاگای خۆی لەم پەیماننامەیە راگەیاند .19**

**حشع ئەندامی بەرە بوو، بەڵام هیچ رۆڵیکی ئەوتۆی نەبوو، پرس و راوێژی پێنەدەکرا تەنانەت نوێنەرییان لە سەرکردایەتی بەرەکەدا نەبوو، جگە لەوەش ئەو پارانەی کە لە لیبیاو وڵاتانی عەرەبییەوە دەهات بۆ بەرەکە شتێکی وەها بەر(حشع) نەدەکەوت، هەرچەند حشع ماوەی دوو ساڵ بوو لەگەڵ (ی.ن.ك) بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانیی دیموکراتی عێراق لە هەوڵ و وتوێژدا بوو، بەڵام (حشع) دەمێك بوو کاری بۆ پێکهێنانی بەرە دەکرد، لە لایەك لەگەڵ (ی.ن.ك) ولە لایەکیش لەگەڵ (پدك). 20**

**لێرەدا نەوشیروان مستەفا دەڵێ:" لە گفتوگۆی دوو قۆڵی ئێمەو حشع دا چەندین جارمەترسیەکانی ئەم کارەمان بۆ روونکردنەوە، تێمان گەیاندن کە دامەزراندنی بەرەی دووەم نرخی بەرەی یەکەم ناهێڵێت"، خۆ ئەگەر هەرسوورن لە سەر رازیکردنی پارتی لە باتی ئەوەی بەرەیەکی تازە دروست بکەن، پەیمانێکی هاوکاری دوو قۆڵیان لەگەڵدا ئیمزا بکەن، یان لەگەڵ لایەنەکانی جوقددا خەریك بن بۆ ئەوەی پارتی لە بەرەکەدا بە ئەندام قبووڵ بکەن، بەڵام گوێیان لە قسەکانی ئێمە نەگرت21 . ئەوەبوو لە بەرواری(29تشرینی دووەمی 1980) بەرەی جود (الجبهه الوطنیه الدیموقراطیه)دامەزرا، لەنێوان نوێنەرانی پارتی و حشع و حسك و چەند پارتێکی تری عێراقی 22 و دواتریش پاسۆك هاتە ناو بەرەکەوە 23. کە نوێنەرەکان ئەمانە بوون:**

**یەکەم: پارتی دیموکراتی کوردستان (مەسعوود بەرزانی، عەلی عەبدوڵلا، رۆژنوری شاوەیس).**

**دووەم: حیزبی سوسیالیستی کوردستان (رەسووڵ مامەند ، تاهر علی والی).**

**سێیەم: حیزبی شیوعیی عێراق(ئەحمەد بانیخێلانی، فاتح رەسووڵ).24**

**سەبارەت بە ناوی ئەم بەرەیە، ئەحمەد بانیخێلانی دەڵێ:" عەلی عەبدوڵلا گوتی بەرەکەمان ناو بنێین چی؟ ئەوەی شام ناوی (جوقد)ە با ئەوەی ئێمەش ناوی (جود) بێت، گوتیان باشە، ئیتر بێ ئەوەی ئێمە و سۆسیالیست بیر لەوە بکەینەوە کە هەردوولامان ئەندامی بەرەی (جوقد)ین و ئەمەش پەیمانی هاوکارییە و دەکرێت هەر ناوی پەیمانی هاوکاری بێت، بۆئەوەی گرفتمان لەگەڵ جوقد بۆ دروست نەکات 25". بە دامەزراندنی بەرەی جود لەلایەن (پدك) و (حشع) و (حسك) هەر زوو لە ئەوروپا دەنگی دایەوەو ببوە جێی بایەخی راگەیاندنی بەشێکی زۆر لە دەزگاکانی راگەیاندنی وڵاتانی ئەورووپی، بەڵام هەر پاش راگەیاندنی بەرەی جود ئەندامێتی حشع وحسك لەناو بەرەی جوقد دا سرکران، تاڵەبانی زۆرتورەببوو کاتێك زانیبووی هەردوو لایەنی بەهێزی ئەو دوو حیزبە لەگەڵ (پدك) بەرەیەکی نوێیان پێکهێناوە، بۆیە (ی.ن.ك) بە پاڵپشتی حیزبی بەعس سەرکردایەتی هەرێمی عێراق، ئەو بریارەیان دەرکرد بوو، بەم شێوەیە ناکۆکی لە نێوان حشع و(ی.ن.ك) دا سەریهەڵدا، حشع و حسك لەناو جوقد دا دەرچوون و تەنها لەناو جود دا مانەوە.26**

**واتە ئەو پەیوەندییە بەهێزەی لەنێوان حشع و (ی.ن.ك) دا دروست ببوو هەر لەسەرەتای خەباتی چەکداریانەوە لەساڵی (1979)، بەرەو ئاڵۆزی رۆیشت لە کۆتاییەکانی ساڵی (1980)دا، ئەویش بەهۆی ئەندام بوونی (حشع)ەوە بوو لە بەرەی جود دا.**

14ئەحمەد محمود علی: مێژووی کورد لە ..، ل872-873.

15علی تەتەرنێروەی،س.پ، ل186.

16ئەحمەد محمود علی(مەلا ئەحمەدی پێنجوێنی) ): مێژووی کورد لە سەدوو دوازدە ساڵدا، چ1، چاپخانەی لەریا، سلێمانی، 2013، ل887.

17علی تەتەرنێروەی: س.پ ، ل186.

18محەمەد فاتیح: ،س.پ، ل165.

19نەوشیروان مستەفا ئەمین: س.پ، ل177.

20ژیلوان عبدللە احمد: س.پ، ل69.

21پەنجەکان یەکتردەشکێنن.... ، ل177.

22ئەحمەد بانیخێلانی: س.پ، ل396 ، کەنداڵ و ئەوانی تر: گەلێکی پەژموردە ونیشتمانێکی پەرت، و، م. گۆمەیی و ا. حەوێزی، سوید، 2002، ل392.

23محمد مەلا قادر: سەربردە- کورتەیەك لە بیرەوەریەکان، چ1، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، 2009، ل155.

24فاتح رەسوڵ: چەند لاپەرەیەك لە مێژووی خەباتی گەلی کوردمان، رودا و بەڵگەنامە 1980و 1981، ب2، سوید، 1992، ل237.

25بیرەوەریەکانم، چ1، بە بێ چاپخانە، ستۆکهۆڵم-سوید، 1997.ل396.

26علی تەتەرنێروەی: س.پ، ل192.

**تەوەری سێیەم: دروستبوونی ئاڵۆزی لەپەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حیزبی شیوعیی عێراق (1981-1986)**

پەیوەندییەکانی حیزبی شیوعیی عێراق و یەکێتی نیشتمانی کوردستان تا ڕاگەیاندنی بەرەی (جود) ئاسایی بوو، بەڵام لەمە بەدوواوە گرژی و ئاڵۆزی لە نێوانیاندا دروست بوو، ئەمەش بەهۆی سوربوون و مانەوەی حشع بوو لە بەرەی (جود) داو سەرەڕای جەختکردنەوە لە سەر بە ئەندامبوونی پارتی لە بەرەی (جوقد)دا.27

لێرەدا بەڕوونی بەدیار دەکەوێت، بەرەی جود وەك ئەلتەرناتیڤی بەرەی جوقد دروست بوو، نەك وەك تەواوکەری و لە هەمان کاتدا جود ئامادەی خۆی نیشاندا کە خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە، بەمەرجێك ئەگەر(پ.د.ك) وەك ئەندام لە بەرەی جوقد وەربگیرێ، بەڵام ئەم داوایە لە لایەن هەریەکە لە (ی.ن.ك) و پارتی بەعس(هەرێمی عێراق) ڕەتکرایەوە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا (جوقد) مۆڵەتی یەك مانگیاندا بە (حشع) و (حسك) کە هەڵوێستی خۆیان یەکلایی بکەنەوە، چونکە نەدەبوو لە یەك کاتدا لە دوو بەرەدا بەشداری بکەن، دواتر حشع بڕیاریدا بە یەکجاری لە بەرەی جود دا بمێنێتەوە، بەم هەنگاوەش ئەندامێتی لە جوقد دا هەڵپەسێردرا28.

بە دروستبوونی بەرەکان لەبری ئەوەی پەیوەندییەکان بەرەو عەقارێکی باش هەنگاو بنێ، کەچی بە دروستبوونی ئەم دوو بەرەیە، لێکترازانی زیاتری هێزە کوردییەکانی لێکەوتەوە و شوێنەواری خراپیان لەسەر پەیوەندییەکانی نێوانیان جێهێشت. بۆ نموونە بەپێی وتەیەکی مام جەلال پێش دامەزراندنی بەرە پەیوەندییەکانی (ی.ن.ك) و (حشع) زۆر ئاسای بوو، بەڵام دوای دروستبوونی دوو بەرەی جیاواز، کەلێنێکی گەورە لە نێوان پەیوەندییەکانی هەردوولا دا دروستبوو، چونکە هەردوو بەرە لە بری هەماهەنگی و هاوکاری کەوتنە ململانێ و پروپاگەندە دژی یەکتری 29 .

سەرەڕای ئەوەی بەشداریکردنی سۆسیالیست لە هەردوو بەرەکەدا، لە ژێر تەئسیر و کاریگەری حشع دابوو، پێیان وابوو ئەگەر لە هەردوو بەرەکەدا بەشداربن، ئەوا دەتوانن (ی.ن.ك) و (پدك) کە دوو لایەنی ناکۆك بوون لە یەکتری نزیك بکەنەوە، بەڵام لە ڕاستیدا وانەبوو، حشع بۆ ئەوەی تەرازووی هێزە کوردستانییەکان بە قازانجی خۆی ڕابگرێت، بەشداری هەردوو بەرەکەی کرد 30. ئەگەر بەوردی سەیری هەردوو بەرەکە بکەین چەند شتێکمان بۆ دەردەکەوێت، ئەویش ئەوەیە کە ئەم دوو بەرەیە نەك نەیان توانی ئەو ئامانجانەی دەست نیشانیان کردبوو بەدی بهێنن، بەڵکوو بە پێچەوانەوە بوون بە سەرەتایەکی نوێ بۆ دروست بوونی شەڕی ناوخۆ لە کوردستاندا و بوون بە تەوەری شەڕ دژی یەکتری، هەرچەندە لە دوایدا یەکێتی بەتەنها خۆی لەبەرامبەر بەرەی جود دا مایەوە31 .

سەبارەت بە پەیوەندییەکانی (ی.ن.ك) و(حشع) لەم ماوەیەدا، دوای ئەوەی حشع لە بەرەی جوقد دا دەرکرا، ناکۆکی لە نێوان حشع و (ی.ن.ك) سەریهەڵدا، وەك گرتن و چەککردنی پێشمەرگەکانی حشع لە ناوچەکانی شارەزوور و پێنجوێن، لە کۆتای مانگی (کانونی یەکەمی 1980)دا، لەسەر ڕێگای (چەوتان و دۆڵەسور) چەند ڕووداوێکی کوشتن و بریندار بوون لە هێزەکانی حشع لە لایەن هێزەکانی (ی.ن.ك)ەوە ڕوویدا 32. هەرچەندە حشع بەشداری ئەو شەڕانەیان نەدەکرد، هەتا دوا دەرفەت هەر لە هەوڵدابوون بۆ چارەسەری ئەو بارودۆخە ئاڵۆزە، بەڵام بەرەی جود بڕیاری خۆیان دابوو کە شەڕی یەکێتی بکەن.33

لێرەدا ئەحمەد بانیخێڵانی دەڵێ:"ساڵی (1981) ساڵێکی پڕ گێرەو کێشە بوو بۆ ئێمە، لە سەرەتای هەمان ساڵدا هاوڕێیەکمان بەناوی (مامۆستا قادر) بەرەو بنکە دەگەڕایەوە، لە نێوان گوندی (باراو) و (چنگیان)دا، تووشی چەکدارێکی (ی.ن.ك) دەبێت و بە بێ ئەوەی هیچ ناکۆکیەك لە نێوانیاندا هەبێت، لە پشتەوە تەقەی لێدەکات و شەهیدی دەکات و تفەنگەکەی دەبات، ئێمە ئەو کابرایەمان دەناسی و داوامان لە (ی.ن.ك) کرد لیژنەیەك پێك بهێنێ و بانگی بکەن بۆ تەحقیق، بەڵام (ی.ن.ك) هەر ئەمڕۆ و سبەی لێدەکرد، پاشان نقڵی ناوچەیەکی تریان کرد و شتەکەیان پشتگوێ خست، زۆری نەبرد هاوڕێ (خلیل ڕەزا) کەبابچی شیان بە هەمان شێوە شەهید کرد، کە لە گوندی نێوزەنگەوە بەرەو بێتوش دەچوو، توشی یەکێك لە ئاغاکانی ناوچەی قەڵادزێ دەبێت و دوای سڵاو هەواڵ پرسین، لە نزیك گوندی (دەرماناوێ) کابرا فرسەتی لێ دێنێت ولە پشتەوە تەقەی لێدەکات و چەکەکەشی دەفڕێنێ، ئەم ئاغایەش چەکداری (ی.ن.ك) بوو34. "

سەرهەڵدانەوەی شەڕی ناوخۆ لە نێوان (ی.ن.ك) ولایەنەکانی جود دا لە ڕۆژی(22\8\1981)ەوە دەستی پێکردەوە، هەرچی شەڕی (ی.ن.ك) و (حشع)یش بوو، لەو کاتەوە دەستی پێکرد کە (ی.ن.ك) لە ڕۆژی (4\9\1981) دا (عەبدوڵڵا ماویلی35 ) کە

---

27صلاح الخرسان: التیارات السیاسیه فی کردستان العراق، گ 1 ، بیروت - لبنان، 2001، ص265.

28جەمال فەتحوڵڵا تەیب(دکتۆر) : بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان (21\3\1975-28\11\1980) - لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی سیاسیە، چ1، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، 2012،ل211.

29هەمان سەرچاوە ، ل212.

30محەمەدی حاجی مەحمود: ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەك، ب2، ب.ش.چ، 1999، ل119.

31بەهرۆز گەڵاڵی: ڕەسوڵ مامەند50 ساڵ تەمەن و 33 ساڵ خەبات، چ2، سلێمانی، 1998، ل123.

32ژیلوان عبدالله احمد: ، س.پ، ل75.

33محەمەد مێرگەسۆری: تروسکاییەك لە شەوەزەنگدا، چ1، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری وپێگەیاندنی کادیران، ب.ش.چ، سلێمانی، 2013، ل193.

34بیرەوەریەکانم، س.پ، ل400.

35(عەبدوڵڵا ماویلی): کۆنە پێشمەرگەی یەکێتی بوو، دواتر ببوە جاش، پەیوەندی لەگەڵ ئامر لیوای ناوچەی ڕەواندز تێکچوبوو، دواتر نامەیەکی بۆ سەرکردایەتی حشع ناردبوو داوای کردبوو کە دەیەوێت بێتە ناو حشع و نایەوێت بچێتە لای هێزەکانی تر، کاتێك کە لەناو حکومەتدا بوو یەکێتی نامەی بۆ ناردبوو بۆئەوەی بێتەوە بۆ شوێنی

**پێشمەرگەیەکی حشع دەبێت، لە (دەرگەڵە) دەکوژن، چونکە دەستی لە تەسلیم کردنەوەی چەند پێشمەرگەیەکی (ی.ن.ك) بە حکومەتی بەعس هەبوو، دواتر ئەو پێشمەرگانە لە گرتووخانەی ئەبوغرێب لە موسڵ لە سێدارە دران، دوای ئەم ڕووداوە فەرماندەیەکی حشع لە گوندی (فەقێیان) شەش پێشمەرگەی (ی.ن.ك) وەك تۆڵە سەندنەوە دەکوژێت36 . بەم شێوەیە شەڕێکی خوێناوی لە نێوان (ی.ن.ك) و لایەنەکانی جود ڕوودەدات و پێکدادان و هەڵپژان لە سەرتاسەری کوردستان بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە هێزی هەردوو لای تیادا بوو پەرەیان سەند37.**

**لە ئاکامی ئەم لەشکرکێشیانە دا لە کۆبوونەوەیەکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دا بڕیاری پلان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم هێرشانە درا، ئەم ڕووداوانەش بوونە هۆکارێك بۆ ئەوەی لایەنەکانی بەرەی جود پشتیوانی و هاوکاری یەکتر بکەن38 . لەم شەڕانەدا پێشمەرگەکانی حشع بە ڕابەری (ملازم خدر) شان بەشانی پێشمەرگەکانی سۆسیالست، بەرلەوەی (ی.ن.ك) بەتەواوی خۆی ئامادە بکات، ئەوان هێرشیان بردە سەر بنکەکانی یەکێتی لە (زارگەلی) و (وەرتێ) و ناوچەکەیان پێ چۆڵکردن، ئیتر گرژی لە نێوان حشع و (ی.ن.ك) دا زیاتر بوو، سەرکردایەتی هەردوولاش تەنها گردێکیان لە نێوان‌دا بوو، (ی.ن.ك) لە بەری زەڵێ و توژەڵە بوون ،(حشع)یش لە بەری نۆکان بوو، بەڵام هەردوولا گرژیەکانیان لەو سنوورەدا ڕاگرت و شەڕ لە نێوان بارەگاکانی سەرکردایەتی هەردوولادا دروست نەبوو. بەڵام لەڕاستیدا (ی.ن.ك) چاوەڕوانی گەیشتنی هێزەکانی گەرمیان بوو، تاوەکوو هێرش دەست پێ بکات، لەو ماوەیەدا(ی.ن.ك) هێزەکانی خۆی لە ناوچەی دۆڵەڕەقەوە کۆکردەوە و هێرشێکی کردە سەر ناوچەکانی جوود و (وەرتێ) ی گرتەوە39.**

**پاش گرتنەوەی وەرتێ یەکێتی جارێکی تر داوای گفتوگۆی لە حشع کرد، ئەوەبوو کۆبوونەوەیەکی سێ قۆڵی بەسترا لە نێوان مام جەلال و ئەحمەد بانیخێڵانی و دکتۆر مەحموود، سەرئەنجام لە سەر چەند خاڵێك ڕێککەوتن. کە ئەمانە بوون:**

**1.بێ قەیدو شەرت شەڕ بوەستێ.**

**2. ئەو چەکانەی یەکێتی لە هێرشی یەکەمدا گیراوە بۆیان بگەڕێتەوە.**

**3.ڕێگای هاتووچۆی پێشمەرگەکانی حشع و یەکێتی بۆ ناوچەکانی یەکێتی بدرێت.**

خۆی، بەڵام ئەو ڕایگەیاندبوو کە جگە لە حشع ناچێتە پاڵ هیچ لایەنێکی تر.
ئەحمەد بانیخێڵانی: س.پ، ل 400 -401.

36سەلام عەبدولکریم: ژیانی سیاسی لە باشووری کوردستان 1975 - 1991 (سەرهەڵدانی ڕەوتی سۆسیالیستی و دروستبوونی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان ) وەك نمونە، چ1، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، 2011.، ل117 -118.

37پشکۆ نەجمەدین:دیوی ناوەوەی ڕووداوەکان، وەڵامێك بۆ نەوشیروان مستەفا، کتێبی گوڵان، چ1، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، 1997، ل34.

38ژیلوان عبدللە احمد: ، س.پ، ل78.

39ئەحمەد بانیخێڵانی: س.پ، ل426 -427.

**4.هەر تەرەفەی لای خۆیەوە هەوڵی ئاسایی کردنەوەی بارودۆخەکە بدات40.**

**5.حشع سەردانی پارتی بکات وداوایان لێبکات شاری شنۆ چۆڵ بکەن، ئەگەر پارتی ئەم کارەی نەکرد حشع هەڵوێست وەربگرێت.**

**ئەم هەوڵە تاڕادەیەك گرژی و ئاڵۆزیەکانی نێوان (ی.ن.ك) و حشع ی خاوکردەوە لە کوردستان، سەرەتایەکی باش بوو بۆئەوەی حشع دووبارە خۆی ڕێکبخاتەوە، ئەوەبوو بەمەبەستی دووبارە چالاککردنی هێزەکانی، هێزەکانی خۆی لە کوردستاندا دابەشکرد بۆ سێ مەڵبەند، ئەوانیش (مەڵبەندی سلێمانی و کەرکوك، مەڵبەندی هەولێر، مەڵبەندی بادینان) هەریەك لەمانەش لێپرسراوێکی بۆ دانا، ساڵی (1983) ساڵێکی تا ڕادەیەك نیمچە ئارام بوو، هەوڵێك هەبوو بۆ لێك نزیکبوونەوەی حیزبەکان، هەر لەم نێوەندە دا نوێنەرانی هەردوو حیزبی شیوعی (کەریم ئەحمەد، عومەر علی شێخ، ئەحمەد بانیخێڵانی، یوسف حەننا) و نوێنەرانی یەکێتی (جەلال تالەبانی، نەوشیروان مستەفا، عومەر عەبدوڵا، مەلا بەختیار، خدر مەعسوم، جەمال حەکیم، عومەرعزیز) لە ڕۆژی (4\3\1982 ) لە بارەگای یەکێتی کۆبونەوە، بۆ باسکردن لە سەر چۆنیەتی پەرەپێدانی پەیوەندییەکانیان و هاوکاری هەردوولا، جارێکی تریش لە (16\3\1982) کۆبونەوە، ئەمەش هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەر دوولا 41. هەروەها یەکێتی لە مانگی ئازار و نیساندا دووجار (موحەمەدی حەمە باقی) لە ڕێگەی حشع ەوە نارد بۆ لای سەرکردایەتی (پدك) بە مەبەستی ئاشتبوونەوە، نامەیەکی تاڵەبانی پێبوو، کە ئەو ڕازی بوو بەکاری ناوبژیوانی هەڵبسێت، بۆ جاری دووەم مەسعود بەرزانی پێشوازی لێکرد و پێیوت ئێمە لەگەڵ حشع دا هاوپەیمانین و دەبێ ئەوانیش لەگەڵ ئەم پرۆژەیەدا بن، کە ئامانجی کۆتای بڕانەوەی شەڕی ناوخۆ بێت، دەبێت هاتووچۆی یەکتر بکەن و پڕوپاگەندەکان لە دژی یەکتر ڕابگرن، پارتی بە ڕێگای حشع ەوە وەڵامی داواکەی (ی.ن.ك) دایەوە و سەر ئەنجام لە (28ی تەمووزی 1982) نوێنەرانی یەکێتی و پارتی لە بارەگای حشع کۆبونەوە و (ڕێککەوتنێکی دوقۆڵی42) یان ئیمزاکرد، بۆئەوەی کێشەکانی نێوانیان بەڕێگای گفتوگۆ چارەسەر بکەن، کوردستان لە خانەقینەوە بۆ زاخۆ مەیدانی ئازاد بێت بۆ چالاکی سیاسی پێشمەرگەی هەموو لایەنەکان، هەردوولا بە هەمامەنگی و ئاگاداری یەکتر بچنە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکتر 43.**

**هەروەها لەم ماوەیەدا حشع بە هاوبەشی لەگەڵ لایەنەکانی تردا چەندین چالاکی سەربازیان دژی حکومەتی عێراق بە ئەنجام گەیاند، هەروەها بە مەبەستی ڕەواندنەوەی ئەو نیگەرانیەی لە**

40هەمان سەرچاوە، ل427.

41ژیلوان عبدللە احمد: ، س.پ، ل79.

42لەم کۆبونەوەیە دا نوێنەرانی یەکێتی(فەرەیدون عبدولقادر و فوئاد معسوم )بوون، نوێنەرانی پارتیش (محمد مەلا قادر و مەغدید ئەحمەد) بوون. ژیلوان عبدللە احمد: س.پ، ل 80.

43علی تەتەرنێروەی: س.پ، ل280 -281.

نێوان حشع و لایەنەکانی جوقد دروست ببوو، بەتایبەتی لەنێوان (حشع) و (ی.ن.ك) ئەوەبوو هەر دوولا لە (20\5\1982) بەیانێك لە دیمەشق دەردەکەن، و لە (7\7\1982) هەردوو مەکتەبی سیاسی جارێکی تر کۆدەبنەوە بە مەبەستی باشترکردنی پەیوەندییەکانیان و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان، بەڵام ئەم زەمینەی ئاشتەواییە زۆر بەردەوام نەبوو، چونکە تازە شەڕی ناوخۆ کۆتایی پێهاتبوو، ئاسان نەبوو بەو خێراییە بە ئەنجام بگەن. جگە لەوەی چەند کێشەیەك لەنێوان یەکێتی و پارتی لە چەرمەگا ڕوویدا، بەهۆیەوە 7 پێشمەرگەی یەکێتی و 4 پێشمەرگەی پارتی کوژران، جگە لە برینداربوونی چەند کەسێك، بەڵام کێشەکە بە دەرکردنی بەیانێك کۆتایی پێهات44.

پارتی لە ڕێگەی حشع ەوە یەکێتی ئاگادارکردەوە کە (پدك) ڕازی نابێت (ی.ن.ك) هێزەکانی ڕەوانەی بادینان بکات، لەبەرئەوەی ڕێککەوتنی (28)ی تەمووزی پشتئاشان ڕێککەوتنێکی ناوچەییە 45. ئەوەبوو مەڵبەندی 2ی (ی.ن.ك) لە(25\11\1982) بەفەرمی (پدك)یان ئاگادارکردەوە کە ناوچەی دۆڵی جافایەتی و شارباژێڕ بکشێنەوە. هەرچەندە حشع بووە میانگیر لەنێوان ئەم دوو هێزە لە ناوچەکەدا46 ، بەڵام دواتر لەگەڵ هێزی مەڵبەندی 1ی ناوچەی شارباژێڕ تووشی شەڕ بوون47، هەرچەندە هێزەکانی حشع لەم کاتەدا لەژێر فەرماندەی بەهادین نوری بێلایەن بوون48.

لەم قۆناغەدا بەمەبەستی کۆتایی هێنان بە شەڕ و لێك نزیکبوونەوەی لایەنەکانی جود و (ی.ن.ك) لە ڕۆژانی (1-6\2\1983)لە شاری تەرابلوسی لیبیا، بە هەوڵی سوریا و لیبیا(19) ڕێکخراوی حیزبی و عێراقی و کوردی لەوانە :(ی.ن.ك، پدك، حسك، حشع) ڕێککەوتنێکی کورت و پوختیان ئیمزا کرد، کە ناوەڕۆکەکەی بریتی بوو لە هاوکاریکردنی یەکتر دژی حکومەتی عێراق و لە یەکدی نەکوشتن وچارەسەرکرنی ناکۆکیەکان بە ڕێگەی ئاشتیانە، هەروەها بڕیاربوو لە ڕۆژی 25ی شوباتی 1983 جارێکی تر ئەم لایەنانە لە شام بۆ تەواو کردنی کاروبارەکان کۆببنەوە، بەڵام حشع بەبیانوی لاوازی و گوماناوی هەندێ ڕێکخراو و هێزی بەشداربووی کۆبوونەوەکە کشایەوە. ئەمەش هۆکارێکی تر بوو بۆئەوەی جارێکیتر ئاڵۆزی بکەوێتە نێوان (ی.ن.ك) و لایەنەکانی بەرەی جود، هەروەها فاتح ڕەسووڵ نووسیویەتی:"ئەم پاشگەزبوونەوەو خۆ دوورخستنەوە لە ڕێککەوتنی تەرابلوس، ئاکامێکی یەکجار خراپی کردە سەر دۆستایەتی حشع و (ی.ن.ك)"، هەرچەندە لە ناوخۆشدا هەردوو وەفدی حشع و (ی.ن.ك) لە ڕۆژی(6\2\1983) لە ناوزەنگ کۆبونەوەو لەسەر چەند خاڵێکی هاوکاری و هەماهەنگی ڕێککەوتن، بەڵام پاش ماوەیەك، لە دەشتی هەولێرەوە چەند بروسکەیەك بە حشع گەشت، کە باسیان لە پێکدادانی هێزەکانی (ی.ن.ك)

---

44ژیلوان عبدالله احمد: س.پ، ل82.

45علی تەتەر نێروەی: س.پ، ل282.

46ژیلوان عبدالله احمد: س.پ، ل82.

47برایم جەلال: چەمکێك لە مێژووی...، س.پ، ل377.

48علی تەتەر نێروەی: س.پ، ل284.

وحشع دەکرد، لە دەشتی هەولێر وکۆیە، کە تیایدا 2پێشمەرگەی حشع کوژران و 6 تریش بریندار بوون، لە گوندی بەردە سپی لە ڕۆژانی(11-12\2\1983)دا، دواتریش هێزەکانی حشع وحسك لە تۆڵەی ئەو هێرشەدا، هێرش دەکەنە سەر هێزەکانی (ی.ن.ك) لە ناوچەکە، ئەمەش دووبارە حشع ی خستە نێو ململانێی شەڕی ناوخۆوە 49. ئەوەبوو لە ڕۆژی 24ی شوبات سکرتاریەتی بەرەی جود بەیانێکی توندوتیژی دژی (ی.ن.ك) دەرکرد، دواتر حشع یش یاداشتێکی توندی دا بە ی.ن.ك.50

کاتێك لایەنەکانی جوود بڕیاریاندا پەلاماری بارەگای مەڵبەندی هەولێری(ی.ن.ك)بدەن، مەڵبەندی هەولێری حشع سەرکردایەتیان ئاگادارکردەوە کە پارتی و سۆسیالیست و پاسۆك بڕیاریان داوە پەلاماری (ی.ن.ك) بدەن، ئایا ئێمە بەشداری بکەین یان نا، بەڵام مەکتەبی عەسکەری و سەرکردایەتی حشع وەڵامیان نەبوو، تا لەڕۆژی (28\4\1983) دا (ئەبوحکمت) بروسکەیەکی تری ناردبوو، نووسیبوی برادەرانی جود سبەینێ سێ قۆڵی پەلاماری (ی.ن.ك) دەدەن ئێمە چی بکەین؟ بەشداربین یان نا؟ وەڵاممان بدەنەوە، سەرکردایەتیش پێیان ڕاگەیاندن کە مەڵبەندی هەولێر خۆیان بڕیار بدەن، ئەوەبوو ئەوانیش بەشداریان کرد، و شەوی (28-29\نیسانی 1983) هێزەکانی جود پەلاماری (ی.ن.ك)یان داو بەئاسانی دەستیان بەسەر بالیساندا گرت 51، لەم شەڕەدا چەندین پێشمەرگەی هەردوولا کوژران و بریندار بوون، لە هێزەکانی (ی.ن.ك) (7)پێشمەرگە کوژران و (12) تریش بریندار بوون52 . لە ئەنجامی ئەم هێرشەو پاشەکشەی (ی.ن.ك)، چەند بەڵگەیەکی نهێنی دەست بەرەی (جود) کەوتبوو، لەوانە نامەیەکی نەوشیروان مستەفا کە بۆ (ملازم سەید کەریم )ی نوسیبوو، تیایدا ڕق و کینەی خۆی بەرامبەر (حسك) و (حشع)نیشاندابوو53 .(ی.ن.ك) تا ئەو کاتە بڕیاری شەڕی دژی حشع نەدابوو54، شایانی باسە حشع دوودڵ بوون لە شەڕەکانداو ئومێدیان بە ئاشتی و ئاگربەست هەبوو55

دوای ئەم شەڕە یەکێتی بەیاننامەیەکی دەرکرد و حشع ی وەك تێکدەری جوقد تاوانبار کرد بەوەی چەندین پەیماننامەی شکاندووە، ئیتر لێرەوە لایەنەکانی جود هێزەکانیان کۆدەکەنەوە بۆ

---

49ژیلوان عبدالله احمد: س.پ، ل84.

50نەشیروان مستەفا: پەنجەکان یەکتری....، س.پ، ل218.

51ئەحمەد بانیخێلانی: بیرەوەریەکانم، س.پ، ل461. کەناڵی ئاسمانیnrt ، چاوپێکەوتن لەگەڵ محمدی حاجی محمود، بەرنامەی روداو و مێژوو، بەشی سێیەم، (17\1\2013).

52یەکێتی نیشتمانی کوردستان: چۆن حیزبی شیوعی عێراقی جەنگی بەسەرماندا سەپاندووە، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، چاپخانەی شەهید ئیبراهیمی عەزۆ، ل32.

53ڕێباز: قەندیل بەغدادی هەژاند، س.پ، ل263-264.

54شەماڵ عادل سەلیم:قەسابخانەی پشتئاشان لە گێرانەوەی شایەتحاڵێك، ئینتەرنێت، http://www.malmokurd.com/ArticleDetail-162-10#.UrwwWNJDsns

55شاخەوان شۆڕش: قادر شۆڕش چل ساڵ خەبات و تێکۆشان (دیوی ناوەوەی هەندێ لایەنی مێژووی خەباتی نەتەوەی کورد لە نێوان ساڵی 1946-1983 دا، چ2، کوردستان 2001-2002، ل213.

گرتنی بنکە و بارەگاکانی (ی.ن.ك) لە نزیك ناوزەنگ و دۆڵەڕووت، لە هەمان کاتدا (ی.ن.ك) خۆی ئامادەکردن بوو بۆ لێدانی بارەگاکانی سەرکردایەتی حشع و پاسۆك و حسك لە پشتئاشان و ئاشقولکە 56 . نەوشیروان مستەفاش خەریکی کۆکردنەوەی هێزێکی گەورە بوو بۆ پەلامارێکی لە ناکاو57 . هەرچەندە خدر مەعسوم دەڵێ:"پشتئاشان بە بڕیاری مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك) بووە نەك خودی نەوشیروان مستەفا" 58. بەڵام نەوشیروان مستەفا بڕیاردەر و ئەندازیاری ڕاستەوخۆی ئەم پەلامارە بوو59 ، ئەوەبوو لە بەرەبەیانی (1\5\1983)دا دەستیانکرد بە هێرشکردنە سەر پێشمەرگەکانی حشع لە سەری ساوێن و لە ئەنجامدا (9) پێشمەرگەی حشع کوژران، لەم هێرشەدا زەرەر و زیانێکی زۆر بەر حشع کەوت و مەڵبەندی سەرەکیان لە پشت ئاشان دەستی بەسەردا گیرا. دواتر سەر چیای (مۆلی) یان گرت، کە بەرزترین لووتکە چیای ناوچەکە بوو، دەیڕوانی بەسەر ئەو ناوچانەی کە بارەگای حشع و حسکی لێبوو. لە چەند قۆڵێکەوە هێرشیان دەکرد و کەسی شارەزاشیان لەگەڵدا بوو 60، لە ماوەی (24) کاتژمێر دا هەموو بنکە و بارەگا و لووتکە بەرزەکان لە لایەن (ی.ن.ك) ەوە دەستی بەسەردا گیرا، لەم شەڕەدا کەریم ئەحمەدی جێگری سکرتێری حشع و دوو ئەندامی سەرکردایەتیان کە (ئەحمەد بانیخێڵانی و قادر ڕەشید) بوو لەگەڵ (48) پێشمەرگە بەدیل گیران 61.سەرباری بەدیل گیرانی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامان و لایەنگرانی حشع هاوکات زیانێکی زۆری دارایی بەو حیزبە گەیاند، کە خۆی لە چەك و تەقەمەنی و کەلوپەل و پێداویستی سەربازی دەبینیەوە، لە لایەن هێزەکانی (ی.ن.ك) دەستی بەسەردا گیرا 62. دواتریش لە ڕۆژی (11\5\1983) ئێزگەی (ی.ن.ك) بانگەوازێکی بەناوی مام جەلال و کەریم ئەحمەدەوە بڵاوکردەوە، کە داوای ڕاگرتنی شەڕی دەکرد لە نێوان پێشمەرگەکانی (حشع) و (ی.ن.ك)، کە لە (11) خاڵ پێکهاتبوو، بەتەواوەتی باڵادەستی (ی.ن.ك)ی تیادا دەبینرا، ئەمەش بووە جێگەی ناڕەزای زۆری ئەندام و لایەنگرانی حشع، بەتایبەتی دوای ئەو کارەساتەی لە ناوچەی پشت ئاشان بەسەریاندا هاتبوو 63، لێرەدا بەهادین نوری دەڵێت"(ی.ن.ك) بەتەنها تاوانبار نییە لە کارەساتی پشتئاشان، بەڵکوو هێزەکانی بەرەی جودیش تاوانبارن، لەبەرئەوەی پێش ڕووداوی پشتئاشان بە سێ ڕۆژ هێزەکانی جود شەڕی بالیسانیان کرد کە بارەگای مەڵبەندی هەولێری (ی.ن.ك) تیادا بوو، لەو ناوچانە دەرپەڕاند.64

لە بەرامبەر ئەم شکستە کارەساتبارەدا کە بەسەر سەرکردایەتی هەرسێ حیزبی ناو بەرەی جود دا هاتبوو، سکرتاریەتی بەرە بڕیاریاندا کۆبوونەوەیەك لە (26ی گوڵانی 1983)لە (ڕاژان) لە مەکتەبی سیاسی پارتی بکرێت، ئەوەبوو پاش کۆبوونەوەکە بڕیاریان دا بە زووترین کات هێزەکانی جود بگەڕێنەوە بۆ قەندیل و خۆیان بۆ هێرشکردنە سەر (ی.ن.ك) ئامادە بکەن، ئەوەبوو شەڕێکی دژوار لە نێوان(ی.ن.ك) و پارتی لە وەرتێ ڕوویدا و ژمارەیەکی زۆر لە هەردوولا کوژران65.

لە سەرەتای مانگی ئابدا هێزەکانی جود گەڕانەوە ڕەزگە و قەڵاتووکان و پشتئاشان، ئەوەبوو هێزەکانی (ی.ن.ك) لە (31\8\1983) دا هێرشێکی بەرفراوانیان کردە سەر هێزەکانی جود و لووتکەی کونە کۆتر یان گرت، زیانێکی زۆریشیان لە هێزەکانی جود دا، ئەم شەڕانە دوژمنایەتیەکی ئەوتۆیان دروستکرد لە نێوان هەردوولا دا، بە جۆرێك کە پێشمەرگەکانی هەردوولا لە هەر شوێنێك تووشی یەکدی دەبوون هێرشیان دەکردە سەر یەکتری، کە ئەمە تا ساڵی (1986) و ئاشتبوونەوەی گشتی بەردەوام بوو.66

هەرچەندە لە سەردەمی بەڕێوەچوونی مفاوەزات لە نێوان (ی.ن.ك) و حکوومەتی عێراقیدا (1983-1984) کە زیاتر لە ساڵێکی خایاند، (ی.ن.ك) بەجۆرێك لە هەوڵی ئاشتبوونەوە دابوو لەگەڵ لایەنەکانی بەرەی جود بەگشتی و حشع بەتایبەتی، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو67.

هەربۆیە لە (15\1\1984)دا شاندێکی (ی.ن.ك) بەناوی نوسەرانەوە چوو بۆ (کەرەژاڵ) کە نامەیەکی مام جەلال و نامەیەکی مەکتەبی سیاسیان برد بۆ حشع و داوای تازەکردنەوەی پەیوەندییەکانیان دەکرد، هەردوو نامەکەشیان بە برووسکە نارد بۆ مەکتەبی سیاسی حشع کە ئەوکات لە بەرزان بوو، بەڵام حشع ڕایانگەیاند کە ئەوان پێیان باش نییە لە دوای شەڕی پشتئاشانەوە، تازەکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوانیان لە مەڵبەندی سلێمانیەوە دەست پێ بکات، بەڵکوو وایان بەباش زانی

56ژیلوان عبدللە احمد: س.پ، ل 88-89.

57قادر ڕەشید (ئەبوشوان): پشتئاشان لە نێوان ئازار و بێدەنگیدا، چ1، چاپخانەی میدیا، ستۆکهۆلم، 1998، ل11.

58خدر معسوم :پشتئاشان بە بڕیاری سەرکردایەتی یەکێتی بوو نە نەوشیروان مستەفا، گۆڤاری لڤین، ژ83 ساڵی حەوتەم، 15ی کانونی دووەمی 2009، ل15.

59ستیڤان شەمزینی: دیمانە لەگەڵ قادر ڕەشید"ابوشوان" سەرکردەی دێرینی حیزبی شیوعی .
http://klawrojna.com/index.php?option=com_content&view=article&id=18958&catid=26&Itemid=42

60هاوڕێ سورە: هەگبە هەمە ڕەنگەکەم، پوختەیەك لە ژیان ویادەوەری و بەسەرهاتی ڕۆژەسەختەکانی خەباتی دوێنێ وئازادی و روداوی ئەمڕۆ، چ1، ب.ش.چ، 2009، ل25.

61ڕێباز: س.پ، ل 268.

62دەشتی سەباح: پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڕێ فریشتە، گۆڤاری لڤین، ژ52، 2007.

63اسماعیل تەنیا: لە پەراوێزی بیرەوەریەکانی بانیخێڵانیدا، گۆڤاری ئازادی، ژ(3و4) ئادار و گەلاوێژی2002، ل20-21.

64کەناڵی ئاسمانەnrt ، چاوپێکەوتن لەگەڵ بەهادین نوری، بەرنامەی روداو و مێژوو، بەشی دووەم.(10\6\2011.(

65عەلی تەتەرنێروەی: س.پ، ل 288.

66ژیلوان عبدللە احمد: حیزبی شیوعی عێراق و ... ، س.پ، ل92.

67پشکۆ نەجمەدین: س.پ، ل194-195.

**ڕاستەوخۆ وەفدەکە بڕواتە بارەگای مەکتەبی سیاسی حشع لە بارزان .68**

**لەگەڵ ئەوەشدا حشع مەرجی دانا بۆ ئاشتبوونەوە ئەویش ئەوەیە کە (ی.ن.ك) بەیاننامەیەکی سەرکۆنەکردن لە سەر ڕوداوەکانی پشتئاشان و وتووێژی یەکلایەنەی لەگەڵ حکومەتی عێراق دەربکات و کۆتایی بە وتووێژ بهێنێت لە گەڵیدا و شەڕ دژی حکوومەت دەست پێ بکاتەوە، بەڵام یەکێتی بەمە ڕازی نەبوو69 .**

**بەم شێوەیە ئەم هەوڵانەی (ی.ن.ك) بۆ ئاشت بوونەوە لەگەڵ لایەنەکانی بەرەی جود دا سەرکەوتوو نەبوو. بەڵکوو چەندین شەڕ و پێکدادان لە نێوان (ی.ن.ك) و لایەنەکانی جود دا ڕوویدا، بۆنمونە: لە تەمووزی (1984)دا هێزێکی حشع و حسك کە ژمارەیان (200) پێشمەرگە دەبوون، لە بادینان بەڕێککەوتن و گەیشتنە دەوروبەری شەقلاوە، هێزێکی (ی.ن.ك) پێشیان لێگرتن لە دەوروبەری گوندی (زێیادۆك) و شەڕ دەستپێیکرد و لەئەنجامدا چەندین پێشمەرگەی هەردوولا کوژران ، ئەمەش نموونەیەکی ترە لەو شەڕانەی کە لەنێوان (ی.ن.ك) و لایەنەکانی جود دا دروست بوو70.**

**بەڵام دوای ئەوەی (ی.ن.ك) و سەرانی بەعس لە سەر دانووستان ڕێکنەکەوتن، ئەوەبوو تاڵەبانی لە (11ی کانونی دووەمی 1985) نامەیەکی بۆ عیزەت دوری نووسی و سەرکردایەتی (ی.ن.ك) لە(15ی کانونی دووەمی 1985) بەیانێکی دەرکرد و کۆتایهێنان بە وتووێژی ڕاگەیاند و ئۆباڵی خستە سەر بەعس، بەرەی جود یش لە بەیاننامەیەکدا ئەم هەڵوێستەی یەکێتی بۆ کۆتای هێنان بە گفتوگۆ لەگەڵ میری بە ئەرێنی ناوبرد، کە دەکرێت ئەم هەنگاوە ببێتە هۆی نزیکبونەوەی زیاتری (ی.ن.ك) و لایەنەکانی تری کوردستان و عێراق71 .**

**لێرەوە هەنگاوەکانی ئاشتبوونەوەی گشتی پارتە سیاسییەکان دەست پێ دەکات، چونکە (ی.ن.ك) لای خۆیەوە بانگەوازی بۆ ئاشتبوونەوە دەکرد، لە ڕێگەی ناردنی نامە بۆ لایەنەکانی بەرەی جود هەوڵی پێکهێنانەوەی دەدا، یەکەمین پارت کە بەدەم ئەم بانگەوازەوە ڕۆشت حسك بوو، هەرچەندە لە لایەن حشع و پارتیەوە ڕەخنەی لێگیرا، بەوەی کە یەکلایەنە ئاشتبوونەوەی لەگەڵ (ی.ن.ك) دا کردووە 72. چونکە حسك بە پێچەوانەی ڕێککەوتنی بەرەی (جود) ەوە ڕێککەوتنی لەگەڵ (ی.ن.ك) دا کرد بوو 73.**

68دلێر ئەحمەد حمەد و سەروەرعبدالڕەحمن: دانوستانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حکومەتی عێراق، چاپخانەی هیڤی، هەولێر،2011،ل65.

69ژیلوان عبدللە احمد: س.پ، ل115-116.

70دلێر ئەحمەد حمەد و سەروەرعبدالڕەحمن: دانوستانی یەکێتی نیشتمانی ...، س.پ، ل 66.

71عەلی تەتەر نێروەی: س.پ، ل336-337.

72ژیلوان عبدللە احمد: س.پ، ل121-122.

73عەلی تەتەر نێروەی: س.پ، ل416.

**هەرچەندە لەم کاتەدا هەندێك جار پێکدادان لە نێوان حشع و (ی.ن.ك) دا ڕوویداوە، وەك لە ڕۆژی (3\6\1985) هێزێکی حشع لە چیای (باواجی) لە نزیك گوندی (کانی گوند) دوو پێشمەرگەی (ی.ن.ك) یان گرت و کوشتیان، پاش ئەمەش جارێکی ترلە سەر( باواجی و پشتی گۆمەتاڵ و پیرە) هێزەکانی حشع و یەکێتی توشی شەڕهاتن، پاش شەڕێکە یەك ڕۆژە پێشمەرگەیەکی(ی.ن.ك) بەناوی (بەشدار) کوژرا، پێشمەرگەیەکی حشع یش بەناوی (ئەبو دنیا) کوژرا، ناکۆکیەکان ئەوەندە توند و تیژ بوو هەریەکەیان دەیویست تۆڵە لەویتر بکاتەوە، لەم کاتەدا مەفرەزەیەکی حشع لە نزیك گوندی سیاو بۆسەیان بۆ سێ پێشمەرگەی(ی.ن.ك) دانا و کوشتیان ، بەم شێوەیە هەموو ئەو شەڕانەی کەلە مانگی حوزەیرانی ساڵی (1985)دا ڕویداوە چەندین قوربانی لە هەردوولا لێکەوتەوە .74**

**هەروەها ئەو ڕێککەوتنەی حسك لەگەڵ (ی.ن.ك) زەمینەیەکی لەباری ڕەخساند، بۆ ئاشتبوونەوەی لایەنەکانی تری جود لەگەڵ (ی.ن.ك)، چونکە لە کۆبوونەوەی بەرەی جود لە ( نیسانی 1986) دا کە نوێنەرانی حشع لەم کۆبونەوەیەدا هەریەکە لە (ڕەحیم عەجینە و ئەبو حیکمەت) بوون، لەم کۆبونەوەیەدا بڕیار درا لە سەر پتەوکردنی پەیوەندییەکانی لایەنەکانی بەرەی جود، هەروەها هەندێ ڕێوشوێنی بۆ خۆشکردنی پەیوەندی هاوپەیمانییەتی لەگەڵ (ی.ن.ك) دا دانابوو، بڕیاریان دابوو هەندێ ڕێوشوێن بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆ بگرنە بەر.75**

**تەوەری چوارەم: پەیوەندیەکانی یەکێتی و حشع لەکاتی ئاشتبونەوەی گشتی و بەرەی کوردستانی(1986-1988)**

**دوای تێپەڕ بوونی قۆناغێك لە شەڕو ململانێی سەخت لە نێوان پارتە سیاسییەکانی کوردستان دا، بە جۆرێك هەموویان گەیشتنە ئەو بڕوایەی کەوا ئەم ململانێ نێوخۆییانە هیچ سوودی نیە، و بەڵکوو زیانێکی زۆری مادی و گیانی لە خۆیان دەدات. سەرەڕای ئەوەی کە شەڕی ناوخۆ گەورەترین دەرد و فاکتەری لاوازبوونی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بوو، هەر ئەم ململانێ و ناکۆکییە تووندە بوو وای کرد بوو، گەلی کورد وەك پێویست نەتوانێت سود لە لاوازییەکانی هەردوو حکومەتی عێراق و ئێران وەربگرێت، و هەندێك لە ئامانجەکانی بێنێتە دی 76. ئەمە سەرباری ئەوەی کە (ی.ن.ك) لەو ماوەیەدا، بە چەند قۆناعێك لە دانووستاندا بوو لەگەڵ حکومەتی عێراق، لایەنەکانی بەرەی جود دژی بوون و لەو بارەیەشەوە بەیاننامەیەکیان دەرکرد بوو، کە ئەمە فاکتەرێکی لێك دوورکەوتنەوەی بەرەی جود و (ی.ن.ك) بوو. سەرەڕای ئەوەی کە ئیرادەیەکی گشتی ئاشتبوونەوە لە ئارادا نەبوو، هەرچەندە لە کاتی دانووستانەکانی نێوان (ی.ن.ك) و**

74ڕێباز: س.پ، ل 138-140.

75ژیلوان عبداللە : س.پ، ل 123.

76عەلی تەتەر نێروەی: س.پ،ل.415

حكومەتی عێراقدا چەند هەوڵێك هەبوون بۆ ئاشتبوونەوە و چارەسەركردنی ناكۆكیەكان، بەڵام بەهۆی بوونی مەرجی لایەنەكانی جودەوە هیچ ئەنجامێكیان نەبوو، چونكە مەرجی ئەوان بۆ گفتوگۆ ئەوەبوو كە یەكێتی دانووستان لەگەڵ حكومەتی عێراق دا كۆتای پێ بهێنێت77 .

ئەوەبوو لە ڕۆژی (21\3\1984) لە سورداش و لەمیانەی كۆبونەوەیەكی جەماوەری فراواندا بە بۆنەی جەژنی نەورۆزەوە، جەلال تاڵەبانی وتارێكی خوێندەوە و تیایدا دروشمی ئاشتبونەوەی گشتی لە نێوان هەموو هێزە كوردستانیەكاندا بەرزكردەوە و بانگهێشتی لایەنەكانی بەرەی جودی كرد بۆ ئاشتی و تەبای و چارەسەركردنی ناكۆكییەكان بە ڕێگای وتووێژو و گفتوگۆی هێمنانە78.

دواتریش(ی.ن.ك) نامەو نوێنەری بۆ لای لایەنەكانی(جود) بەتایبەتی(حشع و پدك) دەنێرێت، بەمەبەستی پێكهاتنەوە، لەو هەوڵانەی لەگەڵ حشع درا بۆ ئاشتبوونەوە، ئەوەبوو لە ڕۆژی (16\8\1984) وەفدێكی (ی.ن.ك) كە پێكهاتبوون لە (ئازاد هەورامی، پێشەوا تاڵەبانی، فەرەیدون دارتاش) چوون بۆ كۆبوونەوە بۆ لای حشع بۆ چیای شیرین، لە كۆبوونەوەی نێوانیاندا چەند مەرج و خاڵێك باس دەكەن، بەڵام حشع مەرجیان بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ یەكێتی ئەوەبوو، كە (ی.ن.ك) بەیاننامەیەك لەسەر سەركۆنەكردنی ڕووداوەكانی پشتئاشان و وتووێژی یەكلایەنە لەگەڵ حكومەتی عێراق دەربكات و كۆتایی بە وتووێژ لەگەڵیاندا بهێنێت و شەڕ دژی حكومەت دەست پێ بكاتەوە79.

ئەو هەوڵانەی ئاشتبوونەوە لەو ماوەیەدا هەرچەندە سەریان نەگرت، بەڵام سەرەتایەكی گرنگ و باش بوو بۆ دروستبوونی ئاشتبوونەوەی گشتی لە نێو پارتە سیاسییەكانی كوردستان دا. بەم شێوەیە پاش بڵاوبونەوەی بانگەوازەكەی مام جەلال بەمەبەستی ئاشتبوونەوەی گشتی لە ساڵی (1984) دا و كۆتایهێنانی وتووێژی (ی.ن.ك) لەگەڵ حكوومەت، حسك یەكەم لایەنی كوردستان بوو كە بەدەم بانگەوازەكەی مام جەلالەوە چوو80 . كۆمیتەی ناوەندی حسك لە زستانی (1985 ) دا، بڕیاریدا یەكلایەنە لەگەڵ (ی.ن.ك) گفتوگۆ بكات، بۆ ئەم مەبەستەش (محەمەد شاكەلی) لە لایەن (حسك)ەوە دەستنیشان كرابوو كە سەردانی تاڵەبانی و سەركردایەتی (ی.ن.ك) لە (یاخسەمەر) بكات، ئەوەبوو لە (كانوونی دووەمی 1986) دا ئەو دیدارە ئەنجام درا 81. هەرچەندە پێش ئەم دیدارە، یەكێتی لە ڕێگای (شەوكەتی حاجی مشیر) ەوە یەكەم نامەی بۆ (موحەمەدی حاجی مەحموود) لە حسك بە مەبەستی ئاشتبوونەوە نارد، كە دوو پێشنیازی تیادا بوو، یەكەمیان گەڕانەوەی موحەمەدی حاجی مەحموود بوو بۆ ناو(ی.ن.ك)، دووەمیشیان ئەگەر گەڕانەوەی قبووڵ نەبوو، ئەوا ئاشتبوونەوە لە سنووری ناوچەی سلێمانیدا ئەنجام بدرێت، موحەمەدی حاجی مەحموود یش وەڵامی داواكەی (ی.ن.ك) دایەوە و بە پێشنیازی دووەم ڕازیبوو، بەڵام داوایكرد كە ئاشتبوونەوەی گشتی بێت، نەك تەنها لە سنووری سلێمانیدا بێت. پاش ئاڵوگۆڕكردنی چەند نامەیەك لە نێوان هەردوولا دا، دواجار ڕێككەوتننامەیەكی ناوچەیی لە ڕۆژی(21\3\1985) لە گوندی (ناوگردان)ی نزیك شارۆچكەی سەیدسادق ئەنجام درا 82. مام جەلال تەئكیدی كردەوە كە (ی.ن.ك) بەجدی كاردەكات بۆ ئاشتبوونەوەی گشتی و ئەم هەنگاوەی حسكی بە كوردانە و بوێرانە لەقەڵەم دا،و گوتی چاوەڕوانی گەیشتنی وەفدی ڕەسمی دەبین83 . دواتریش لە هاوینی(1986) دا وەفدێكی مەكتەبی سیاسی حسك بەسەرپەرشتی ڕەسوڵ مامەند سەردانی مام جەلال و سەركردایەتی (ی.ن.ك) كرد، دواتر ڕێككەوتن نامەیەك لە نێوان هەردوولادا مۆركرا، بەمەش كۆتایهات بە كێشەكانی نێوانیان و پەیوەندییەكانیان ئاسایی بوویەوە.84

سەبارەت بە هەوڵەكانی ئاشتبوونەوە لەگەڵ حشع دا محەمەد شاكەلی دەڵێت:" لە برادەرانی (ی.ن.ك) تێگەیشتم كە وەفدێكیان ناردووە بۆ دیدار و گفتوگۆ لەگەڵ حشع بەسەرپەرشتی (فوئاد مەعسوم و فەرەیدون عەبدولقادر)، وا بڕیار بووە ئەو وەفدە سەرەتا حشع لە دەوروبەری بارزان ببینن، ئەگەری ئەوەش هەیە پارتی ببینن، بەڵام حشع ئەوەیان بۆ ئێمە وەك هاوپەیمانی بەرەی جود باس نەكرد بوو85 .

بەم شێوەیە دوای ئاشتبوونەوەی حسك و (ی.ن.ك)، زەمینەیەكی لەبار بۆ ئاشتبوونەوەی یەكێتی و لایەنەكانی جود هاتە ئاراوە، حسك باس لەوە دەكات كە پێشوەخت لە بڵاوكراوەكانی خۆیاندا، داوای ئاشتبوونەوەی گشتی و یەكڕیزی و تەبای نێو لایەنە سیاسییەكانی كوردستانی كردووە، بۆ كۆتایهێنان بە شەڕی ناوخۆ. ئەوەبوو بەهەوڵی حسك توانرا لە نێوان (ی.ن.ك) و پاسۆك دا ئاشتەوایی دروستبكرێت، بەتایبەتی پاش دیداری نێوان ئازاد مستەفا لە پاسۆك و موحەمەدی حاجی مەحموود لە حسك، لەو دیدارەدا ئازاد مستەفا پێشنیار دەكات بۆ حسك كە لە ئاشتبونەوەی نێوان پاسۆك و یەكێتی دا ڕۆڵ ببینن. تەنانەت كاتێك (ی.ن.ك) ڕادیۆكەیان لە دەنگی شۆڕشی عێراقەوە بۆ دەنگی گەلی كوردستان گۆڕی، پاسۆك پیرۆزباییان لێكرد و گوتیان ئەوەی یەكێتی كردویەتی شتێكی باشە و پاسۆك پشتیوانی لێدەكات، تەنانەت بەرگری زۆریشیان لە هەڵوێستی موحەمەد شاكەلی و موحەمەدی حاجی مەحموود كرد بوو، بەوەی لەگەڵ

77ژیلوان عبدالله احمد: س.پ، ل 115

78سەلام عەبدولكەریم: س.پ، ل168.

79ژیلوان عبدالله احمد: س.پ، ل115-116.

80بەهرۆز گەلاڵی : ڕەسوڵ مامەند50 ساڵ تەمەن و33 ساڵ خەبات، س.پ، ل 129.

81عەلی تەتەرنێروەی: س.پ، ل 415.

82سەلام عەبدولكەریم: س.پ، ل 170-175.

83محەمەد شاكەلی : لە بزووتنەوەوە بۆ حیزبی سۆسیالیستی كوردستان (1976_-1993)، لاپەڕە هەڵنەدراوەكان، چ1، چاپخانەی كارۆ، كەركوك، 2011، ل 137.

84بەهرۆز گەلاڵی : س.پ، ل130.

85محەمەد شاكەلی : س.پ، ل137.

(ی.ن.ك) دا ڕێككەوتنی ناوچەییان كردووە 86. دواتر شاندێكی پاسۆك لە ڕۆژانی (10-12\ ی گوڵانی\ 1986) دا سەردانی بارەگای مەكتەبی سیاسی (ی.ن.ك) كردبوو، دووقۆڵی ڕێككەوتن و بەیاننامەیەكی هاوبەشیان دەركرد، بەمەش شەڕی نێوانیان كۆتای پێهات و پاسۆك بارەگاكانی بۆ نزیك بارەگاكانی (ی.ن.ك) گواستەوە 87.

سەبارەت بە شوێن و پێگە و ڕۆڵی حشع لە ئاشتبوونەوەی نێوان لایەنەكان ئەوەبوو، كە زیاتر لە لایەنەكانی تر پێویستی بە ئاشتبوونەوە لەگەڵ (ی.ن.ك) هەبوو، بەپێی بەڵگەنامەكانی عێراق بارەگاكانی حشع لە لایەن ئێرانەوە تۆپ باران كرابوون. زیاد لەوەش حشع پەیوەندییەكی ئەوتۆی لەگەڵ ئێراندا نەبوو، لە لایەكی تریشەوە لەگەڵ حكومەتی عێراقدا لە شەڕدا بوو، بۆیە نەدەكرا لەگەڵ ئەو لایەنانەی كە لە كوردستان دا باڵادەستن هیچ پەیوەندیەكی نەبێت88 .

لێرەدا ئەحمەد بانیخێڵانی دەڵێت:" لە مانگی (نیسانی ساڵی 1986) دا هاوڕێیانی (م.س) داوایان لێكردم كە پەیوەندی بە برادەرانی (ی.ن.ك)ەوە بكەم و پێیا ڕابگەیەنم كە حیزبمان بۆ ئاشتبوونەوە ئامادەیە، چونكە (ی.ن.ك) پێشتر نامەی بۆ (م.س) ئێمە ناردبوو، منیش نامەیەكم بۆ مام جەلال نووسی، كە نامەكە گەیشتە دەستی مام جەلال یەكسەر وەڵامی دامەوە و نووسیبووی خۆشحاڵین بە چاوپێكەوتنتان، هەر لەم ڕێگەوە كە نامەكەت ناردووە دەتوانی بگەیتە لامان89 . "

بۆیە بەهەوڵ و ناوبژیوانی حسك لە مانگی( 5\1986) دا مەلا ئەحمەد بانیخێڵانی دەگاتە (سەفرەو زەرون) و لەگەڵ جەلال تاڵەبانی بەیەك دەگەن و پرسی ئاشتبوونەوە تاوتوێ دەكەن90 . دواتریش لە كۆبونەوەیەكدا لە بارەگای نەوشیروان مستەفا لە(بەرگەڵوو) دانیشتنی ڕەسمیان دەستپێكرد، بەڵام باسكردنی كۆمەڵێك مەسەلەی تر بۆ چاوپێكەوتنی وەفدێكی دووقۆڵی فراوانتر دواخرا. برادەرانی (ی.ن.ك) گوتیان ئێمە وامان پێ باشە ڕێككەوتنەكە تەنها بانگەوازێكی بێ ناوەڕۆك نەبێت، حشع یش پێیا باش بوو كە ڕێكەوتنەكە تەنها بانگەواز نەبێت، بەڵكوو چەند خاڵێكی كۆنكرێتی تیادا بێت وەك:

یەكەم: ڕاگرتنی گشتی شەڕ و پێكدادانی نێوان هێزی پێشمەرگەی حشع و(ی.ن.ك).

دووەم: بە ئازادی هاتووچۆكردنی پێشمەرگەكانی حشع لەو ناوچانەی كە بەدەست (ی.ن.ك)ەوەن، بەمەرجێ لە كاتی گەڕانەوەی ئەندامانی حشع بۆ ناوچەكانی پێشوویان یەكێتی ئاگادار بكرێتەوە، نەوەك شەڕو پێكدادانی تازە دروست بێ.

سێیەم: هەوڵ بدرێت هاتووچۆ و جەوڵە و چالاكی هاوبەش ئەنجام بدرێ91.

پاش ئەم ڕێككەوتنە دەقی ڕێككەوتنەكە بە بێتەل نێردرا بۆ سەركردایەتی حشع لە (برادۆست)، وەك هەواڵێكی سیاسی لە ڕادیۆی (ی.ن.ك) بڵاوكرایەوە، بەڵام سەركردایەتی حشع لەناو خۆیاندا ناكۆك بوون بە بیانووی ئەوەی، مەلا ئەحمەد لەو دەسەڵاتەی پێی دراوە تێپەڕیووە، لە باتی ئەوەی ڕێككەوتنەكە پەسەند بكەن، لە ڕادیۆكەیانەوە ڕایانگەیاند كە ئەوان خۆیان بەو ڕێكەوتنەوە نابەستنەوە و هێرشی ڕاگەیاندنیان بۆسەر (ی.ن.ك) دەست پێكردەوە92.

بەمەش جارێكیتر شەڕی ڕاگەیاندن لە نێوان هەردوولادا دەستی پێكردەوە، ڕادیۆی دەنگی گەلی عێراق دەستی كرد بە هێرشكردن بۆسەر (ی.ن.ك) ئەوەندەی نەمابوو ئەم هەوڵە شكست بهێنێ، فوئاد مەعسوم نامەیەكی بۆ ئەحمەد بانیخێڵانی نارد و تیایدا نووسیبوی بەپێی ئەوەی ئێستگەكەتان كەوتوەتە هێرشێكی نابەجێ بۆسەر (ی.ن.ك)، ئێمە وا تێدەگەین كە مەكتەبی سیاسیتان لە هەلوێستی پێشووی پەشیمان بۆتەوە، بۆیە ئێمەش خۆمان بە بێ ئیلتیزام دەزانین بەرامبەر ڕێككەوتن نامەكە 93. بەڵام دواتر مەلا ئەحمەد بانیخێڵانی ئەو ڕێككەوتنەی نارد بۆ سلێمانی و قەرەداغ، لێپرسراوانی هێزەكانی قەرەداغیش بە نوێنەرایەتی( حەمە ڕەشید قەرەداغی) دوای ماوەیەك ڕێككەوتنێكی ناوچەییان لەگەڵ لێپرسراوی هێزەكانی مەڵبەندی یەكی (ی.ن.ك) بە نوێنەرایەتی (شەوكەتی حاجی مشیر) لە ڕۆژی(26\6\1986) ئیمزاكرد و تیایدا جەختیان لە سەر پابەندبون بە ڕێككەوتن نامەكەی سەرووی خۆیانەوە كردەوە94 .

بەم شێوەیە بەهۆی ئەو شەڕی ڕاگەیاندنەوە كە لە نێوان هەردولادا هەبوو، حشع ڕێككەوتنی لەگەڵ (ی.ن.ك) دا دواخست و خستیە دوای ئاشتبوونەوەی (ی.ن.ك) لەگەڵ هەموو لایەنەكانی جود 95. هەر لە سەروبەندی ئاشتبوونەوەی نێوان پارتەكاندا، بەهۆی ئامادەی هەردوولا بۆ ئاشتبوونەوە، لە ڕۆژی (7\11\1986) دا چاوپێكەوتنێكی بە كەڵك لە نێوان ئیدریس بارزانی و جەلال تاڵەبانی لە تاران بەڕێوە چوو96.

سەبارەت بە ئاشتبوونەوەی گشتی لە كوردستان و بەتایبەتی لەنێوان دوو حیزبی گەورە، كە گەرەنتی ئاشتبوونەوەیەكی سەرەكی بوون لە كوردستاندا، كەوتنە دانووستاندن 97 . و ڕێككەوتننامەیەكیان ئیمزا كرد 98، كە كۆتایی بە یەكێك لە

---

86محمدی حاجی محمود : ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەك، ب2، س.پ، ل130-132 .

87عەلی تەتەر نێروەی: س پ، ل417.

88ژیلوان عبدالله احمد: س.پ، ل 124.

89مەلا ئەحمەد بانیخێڵانی: س.پ، ل 532.

90سەلام عەبدولكەریم: س.پ، ل 178.

91مەلا ئەحمەد بانیخێڵانی: س.پ، ل534-535.

92نەوشیروان مستەفا: س.پ، ل117.

93مەلا ئەحمەد بانیخێڵانی: س.پ، ل535-536.

94ژیلوان عبدالله احمد: س.پ، ل126.

95نەوشیروان مستەفا ئەمین: س.پ، ل 117.

96سەلام عەبدولكەریم: س.پ، ل 177. كریس كۆچێرا: بزوتنەوەی نەتەوەی كورد و ویستی سەربەخۆی، و.لە فارسیەوە، حەسەن ڕەستگار، چ1، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2013،ل 111.

97عەلی تەتەر نێروەی: س.پ، ل 418.

98گرنگترین ئەو خاڵانەی كە یەكێتی و پارتی لەسەری ڕێكەوتن بریتیبوو لە:

**خوێناویترین قۆناغەکانی شەڕی ناوخۆی کورد هێنا و بناغەیەکی تەبای و هاوکاری چەند ساڵەی لە نێوان ئەم دووهێزە دوژمنەدا دامەزراند 99. دواتریش پرۆژەیەکیان بەناوی (پرۆژەی هاوکاری لەنێوان پارتی و یەکێتی ) لە ڕووی سیاسی و سەربازی و ڕاگەیاندنەوە دەرکرد100.**

**هەربۆیە دوابەدوای ئاشتبونەوەی (پدك) و (ی.ن.ك) لە (کانونی دووەمی 1987) دا (پدك) پێشنیاز بۆ مەکتەبی سیاسی حشع دەکات کە لەگەڵ (ی.ن.ك) دا لە ڕاژان کۆببنەوە و ڕێککەوتنێکی دووقۆڵی ئیمزا بکەن، تا ئاشتبوونەوەکە گشتی بێت، دوواتر حشع و (ی.ن.ك) ڕازی بوون، ئەوەبوو شاندی حشع کە پێکهاتبوو لە ( ئەحمەد بانیخێلانی و عبدالزاق سافی) لە ڕاژان لەگەڵ شاندی (ی.ن.ك) کە (فەرەیدون عبدالقادر و جەبار فەرمان) و چەند کەسێکی تر بوون کۆبوونەوە و دواتر لە سەر چەند خاڵێك ڕێککەوتن. کە ئەمە پوختەکەیەتی:**

**یەکەم: ئازادی کاری ڕێکخراوەی و سیاسی لە کوردستاندا بۆ هەموو لایەك .**

**دووەم: هیچ لایەنێك لەگەڵ لایەنێکی تردا دژی ئەویتریان هیچ پەیمانێك ئیمزا نەکات.**

**سێیەم: کۆمیتەی باڵا لە هەردوولا پێك بێت، لانی کەم ساڵی دووجار کۆببێتەوە.**

**چوارەم: مەحکوومکردنی پەنابردنە بەر چەك بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان و ڕسواکردنی شەڕی ناوخۆ.**

**پێنجەم: لە گشت بوارەکاندا ڕاگەیاندن و خەباتی پێشمەرگایەتی و سیاسیدا هاوکاری یەکتر بکەن.**

**شەشەم: کارکردن بۆ یەکخستنی ئۆپۆزسیۆنی عێراق و چەند خاڵێکی تری لەم چەشنە101 .**

**ئەم ڕێککەوتنە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی حشع و پارتی دا بڵاوکرایەوە، بەڵام (ی.ن.ك) بڵاوی نەکردەوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە (صالح دگله) کە پێشتر ئەندامی حشع بووە لە ڕۆژنامەی (الغد الدیموقراطی) هێرشێکی توندی کردبووە سەر نەوشیروان مستەفا و (ی.ن.ك) سەبارەت بەو لێدوانەی کە دابووی لە ڕۆژنامەی (لۆمۆندی فەرەنسی) سەبارەت بە دابەشکردنی عێراق، ئەمەش بووە هۆی ڕاگرتنی ڕێکەوتنەکەو ڕەت دانەوەیەکی توندی ی.ن.ك 102 .**

**بەڵام شاندەکەی حشع بە (ی.ن.ك)یان ڕاگەیاند کە (صالح دگله) ئەندامی (تجمع الدیموقراطی العراقی) یەو هیچ پەیوەندییەکی بە حشع ەوە نییە و هەر هێرشێکیان بۆسەر (ی.ن.ك) کردووە هەقی خۆیانە ڕەدیان بدەنەوە، بەڵام حشع تێکەڵ بەو کارە مەکەن، چونکە چ لەدوور و چ لە نزیکەوە پەیوەندی بە حشع ەوە نییە.103**

**بەڵام دواتر چەند نامەیەك لە نێوان جەلال تاڵەبانی و عەزیز موحەمەد لە 25\6 تا 3\7 \1987 ئاڵوگۆڕ کرا، ئەمەش پاش چوار ساڵ دابڕان و پچڕاندنی پەیوەندییەکانیان شتێکی گرنگ بوو، سەبارەت بەو مەسەلانەی خاڵی ناکۆك بوون لە نێوان حشع و یەکێتی لەو قۆناغەدا. هەر لە هاوینی ئەوساڵەشدا بە دەرکردنی ڕاگەیەنراوێکی هاوبەش کە جەختی لە سەر هاوکاری و کاری هاوبەش لە نێوان هەردوولادا دەکردەوە، پەیوەندییەکانیان ئاسایی بوویەوە، بەم شێوەیە حشع ڕێککەوتنی لەگەڵ (ی.ن.ك) دواخست، خستیە دوای ئاشتبوونەوەی (ی.ن.ك) لەگەڵ لایەنەکانی جود و لە شام ڕێککەوتنیان لەگەڵ فوئاد مەعسوم ئیمزا کرد.104**

**بەڵام مەسەلەی دامەزراندنی بەرەی کوردستانی لە ناوخۆی حشع دا دوو بۆچوونی لێکەوتەوە، یەکەم: کادیرە کوردەکان لەگەڵ ئەوەدا بوون کە بچنە ناو بەرەی کوردستانیەوە بەناوی حیزبی شیوعی عێراقی یان بەناوی هەرێم، چونکە پێیان وابوو دامەزراندنی بەرەی کوردستانی بەبێ حشع مانای دابڕینیەتی لە داواکارییەکانی جەماوەر و دۆزی کورد، دووەم: کادیرە عەرەبەکان دژی چوونە ناو بەرە بوون بەبیانووی ڕەگەزی و نەتەوەیی پارتە کوردستانییەکان، بەڵام پاش مشتومڕێکی زۆر لە نێو حشعدا، هەرێمی کوردستانی حشع ڕازی بوون کە بەشداری لە بەرەی کوردستانی دا بکەن .105**

**بۆ ئەم مەبەستە یەکەمجار نوێنەرانی سەرکردایەتی هەموو لایەنەکان لە ڕۆژی (18ی تەموزی 1987) دا، وەك هەنگاوی یەکەم کۆدەبنەوە و بڕیاری دامەزراندنی بەرەی کوردستانی دەدەن، لە ڕۆژی 30 هەمان مانگیش بەیاننامەیەك بڵاو دەکەنەوە و تیایدا دەست نیشانی مەبەستەکانی بەرە دەکەن و هەنگاوی دووەمیش، کۆبوونەوەکانی سەرەتای مانگی ئەیلوول بۆ داڕشتنی بەرنامەی بەرەی کوردستانی دەست نیشان دەکەن، هاوکات یەکێتی پرۆژەیەکی بەناوی (مشروع میثاق الجبهە الکردستانی) بۆ لێدوان و بڕیار لەسەردانی ئامادە کرد 106. (حشع) بەرنامەیەکی تریان هێنایە پێشەوە107.**

**دوای ئەوە لە ڕۆژی (12\5\1988) لە بنکەکانی(گۆیژێ) کۆبوونەوەکان کران، بۆ پێکهاتنی بەرەی کوردستانی، بە بەشداری**

-1 هەوڵی تەواو بەردەوام بۆ بەگەڕخستنی هەموو توانای هەردولا و ڕوخانی حکومەتی بەعسی عەفلەقی عێراقی.

-2دابینکردنی ئازادی چالاکی سیاسی و سەربازی و ڕێکخراوەی هەردولالە هەموو ناوژەکانی کوردستانی عێراق و گەشە پێدانی خەبات.

-3وەستاندنی چالاکی ڕاگەیاندنی هەردولا دژی یەکتر چ چالاکی ڕشاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ بێت.

-4ڕێگرتن لە شەڕی براکوژی و حەرامکردنی. ڕاگەیاندنی هاوبەشی یەکێتی و پارتی لە تاران لە ڕۆژی (2\11\1986) لە تاران. سەلام عەبدولکەریم: س.پ، ل178.

99نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە لەنێو بازنەدا، ل 117.

100سەلام عەبدولکەریم: س.پ، ل 178

101 مەلا ئەحمەد بانیخێڵانی: س.پ، ل 548 -550.

102ژیلوان عبدللە احمد: س.پ، ل 129.

103مەلا ئەحمەد بانیخێڵانی: س.پ، ل 551 -552.

104ژیلوان عبدللە احمد: س.پ، ل 129.

105هـ . س.پ ، ل 133 -134.

106سەلام عەبدولکەریم: س.پ، ل185.

107کەریم ئەحمەد: س.پ، ل326.

سەرجەم پارتە سیاسییەکانی کوردستان 108، لە نوێنەرانی سەرکردایەتی حشع ( رەحیم عەجینە و یوسف حەننا) بەشدار بوون و هەندێ برگەی پرۆژەکە دەستکاری کرا و بەیاننامەیەك بڵاوکرایەوە بەناوی بەرەی کوردستانییەوە، بڕیار درا لە کۆبوونەوەکانی داهاتو ئیمزا لە سەر پرۆژەکە بکرێت، دووای ئەوەی جارێکیتر لە رۆژی (1988\6\6) نوێنەرانی شەش پارتی کوردستانی لە(خواکورگ) کۆبوونەوە، بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی باش لە سەرکردەکانیان، بە پەنجەی ئەم کەسایەتیانە بەرەکە مۆرکرا .

یەکەم: پارتی سۆسیالیستی کورد: ملازم کەریم.

دووەم: پارتی گەلی دیموکراتیی کوردستان: محمد محمود عبدالرحمن

سێیەم: پارتی دیموکراتیی کوردستان- عێراق: عەلی عەبدوڵلا.

چوارەم: پارتی سوسیالیستی کوردستان- عێراق: رەسوڵ مامەند.

پێنجەم:حشع- هەرێمی کوردستان: عەزیز محەمەد.

شەشەم: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان: نەوشیروان مستەفا 109.

ئەم بەرەیە چەند دامەزراوەیەکی هەبوو، وەك: سەرکردایەتی سیاسی، مەکتەبی تەنفیزی، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان، دەزگای پەیوەندییەکان، کاروباری کارگێڕی و کۆمەڵایەتیی و یاسایی، لیژنەی دارایی، راگەیاندن، ئاییی، رێکخراوە پیشەی و دیموکراتیەکان. سەرکردایەتی بەرەش رێککەوتنی لە سەر کرا بوو، کە بە نۆرە بێت لە لایەن کەسی یەکەمی حیزبەکانەوە110.

پاش دامەزراندنی ئەم بەرەیەش عەزیز موحەمەدی سکرتێری حشع لە بروسکەیەکدا بۆ سەرکردەکانی پارتە بەشدار بووەکانی بەرەی کوردستانی، ڕیگەیاند کە ئومێدەوارە بەرە رۆڵی خۆی ببینێت، لە کۆکردنەوەی جەماوەری گەلی کورد و سەرکردایەتی کردن لە خەباتدا، سەبارەت بە هاوکاری لەگەڵ بەرەی کوردستانی، نوسیبووی" ئێمە هەر لەگەڵتان دەبین و لەگەڵتان دەست لە ناو دەست تێدەکۆشین، لەپێناو ئەوەی کە بەرەی کوردستانی ببێتە سەرەتایەکی ڕاستەقینە بۆ دامەزراندنی بەرەیەکی نیشتمانی عێراق تەواو111 . "

بۆیە دەتوانین بڵێین: بەرەی کوردستانی رۆڵێکی سەرەکی بینی لە یەك ڕیزی پارتە کوردییەکان و ڕوبەڕووبوونەوەیان بۆ ڕوداو و پێشهاتەکان، چونکە ئەو خۆڕاگرتنەی بەرەی کوردستانی ئەگەر قازانجی سیاسی ئەوەی تیادا نەبووبێت کە دانووستان بکات، ئەوا بە زیان نەگەڕایەوە، بەڵکوو بوو بە گەورەترین قازانج، کە دووای داگیرکردی ( کوێت ) بەرەی کوردستانی بەهۆی ڕاپەڕینەوە کردی 112.

## دەرەنجام

لە کۆتایی ئەم باسەدا و لە دووتوێی ئەو زانیاریانەی کە لەم توێژینەوەیەدا باسمان کرد، دەگەینە ئەو دەرەنجامەی، کە پەیوەندییەکانی حزبی شیوعی و یەکێتی بە سێ قۆناغدا لەوماوەیەدا تێپەڕ بووە:

یەکەم/ سەرەتای پەیوەندییەکانی نێوان حزبی شیوعی و یەکێتی لە کۆتایی ساڵی 1978 دەستی پێکرد، ئەمەش بەهۆی ئەوەوە کە کادران و ئەندامانی حزبی شیوعی لەشارەکاندا تووشی چەوساندنەوە و گرتن و زیندانی کردن بوونەوە لەلایەن حزبی بەعسەوە، کە لەساڵی 1973وە بەرەیان دروستکردبوو. واتە پەیوەندییەکی ناچاری بوو.

دووەم/ دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە حزبی شیوعی بۆ بەردەوام بوونی خەباتی سیاسی خۆی ناچار بوو لەگەڵ یەکێتی پەیوەندی ببەستێ، چونکە لەو ناوچانەی کە کادرانی حزبی شیوعی ڕوویان تێکرد یەکێتی باڵادەست بوو.

سێیەم/ لەکاتی دروستکردنی بەرەی(جوقد) و(جود) لەساڵی 1980، حزبی شیوعی لەسەرەتادا بەشداری لە هەردوو بەرەکە کرد و رۆڵی بەرچاوی هەبوو، سەرەتا لە بەرەی (جوقد) و دواتریش لە بەرەی(جود).ئەمەش وەك بۆمان دەرکەوت تووشی ململانێ و دواتر شەڕی ناوخۆی کرد لەگەڵ یەکێتیدا.

سێیەم/ لەساڵانی نێوان 1986-1988 پەیوەندی نێوان یەکێتی و حزبی شیوعی ئاسایی بووەوە، چونکە وەك بۆمان دەرکەوت ئاشتبوونەوەی گشتی لەئارادابوو، سەرجەم پارتە کوردییەکان هەوڵی ئاشتەوایان دا.

پاشان دوای ئاشتبونەوەی گشتی لەنێوان حیزبە سیاسیەکانی کوردستان دا، پەیوەندییەکانی (ی.ن.ك) و حشع ئاسای بوونەوە و قۆناغێکی تر دەستی پێکرد، ئەویش دروستبوونی بەرەی کوردستانییە لە ساڵی 1988.

## لیستی سەرچاوەکان:

## بڵاوکراوە حیزبیەکان:


1. محسن کریم: ئێمە و ئەوان، لە بڵاوکراوەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، 2000.
2. نەوزاد عەلی ئەحمەد: ئەرکی نوێ، بڵاوکراوەیەکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە لە دەرەوەی وڵات، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، 2013,
3. یەکێتی نیشتمانی کوردستان: چۆن حیزبی شیوعی عێراق جەنگی بەسەرماندا سەپاندووە، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، چاپخانەی شەهید ئیبراهیمی عەزۆ


108 حەمید گەردی: پوختەی مێژوو نامە، چ1، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی ئاراس، هەولێر، 2004، ل 74.

109 فاتح رەسوڵ: چەند لاپەرەیەك لە مێژووی خەباتی گەلی کوردمان، روداو و بەڵگەنامە 1982-1990، ب3، سوید،1994،ل 445-446.

110 محەمەد فاتیح: س.پ، ل 168.

111 عەلی تەتەرنێرەوەی: س.پ، ل 533.

112 حیکمەت محەمەد کەریم (مەلابەختیار)، شۆڕشی کوردستان و گۆڕانکارییەکانی سەردەم (خەباتی شاخەکان یان ڕاپەڕینی شارەکان)، چ3، هەولێر، 1994، ل266.

**یاداشت و بیرەوەری:**

4. احمد حامد قادر: بیرەوەریەکانم، چ1، ب.ش.چ، سلێمانی، 2013,
5. ئازادی مام وەلی: بیرەوەری پێشمەرگەیەکی یەکێتی، چ1، چاپخانەی شڤان، 2007,
6. ئەحمەد بانی خێلانی: بیرەوەریەکانم، ستۆکهۆلم- سوید، 1997,
7. ئەرسەلان بایز: ڕۆژانی سەخت، ب.ش.چ، ب.س,
8. جەلال ئیلنجاغی: لەشارەوە بۆ شاخ، ب1، چ2، ب.ش.چ، 2006.
9. حاجی مەمۆ: لەهەواری یادەوەریەکانمدا، چ1،ب.ش.چ، کوردستان، 2013,
10. سەید کاکە: بیرەوەری پێشمەرگەیەك، چ2، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، 2000,
11. شاخەون عەباس: سەفەری کوردایەتی، بیرەوەریەکانی شارو شاخ، ب1، چ1، ب.ش.چ، 2002,
12. .عبد الستار تاهر شەریف: ململانێ لەگەڵ ژیاندا، ب1، چ1، چاپخانەی ئەرابخا.کەرکوك، 2005.
13. قادر ڕەشید (ئەبوشوان) ): پشتئاشان لە نێوان ئازار و بێدەنگیدا، چ1، چاپخانەی میدیا، ستۆکهۆلم، 1998,
14. کاکە مەم بۆتانی: بەهارێزان، لە بلاوکراوەکانی بنکەی ڕۆشنبیری گەلاوێژ، ب.ش.چ، 2005,
15. کەریم ئەحمەد: ڕێرەوی تێکۆشان، و.جەلال دەباغ، چ1، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی، 2007,
16. لالۆ عبدالرحمن پێنجوێنی: نیو سەدە بۆ نیشتمان، چ1، چاپخانەی شڤان، سلێمانی 2012,
17. مەلا شێم حەمەدی حاجی ئۆمەرانی: سەرەتاکانی شۆڕشی نوێی ساڵی 1976 چۆن دەستپێکرد، چ2، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، 2013
18. محەمەدی حاجی مەحمود: ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەك، ب2، ب.ش.چ، 1999
19. محمد مەلا قادر: سەربردە- کورتەیەك لە بیرەوەریەکان، چ1، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، 2009,
20. محمود سەنگاوی: بیرەوەریەکانی سەنگاوی، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، 2004
21. نائب عەبدوڵلا: بیرەوەری29ساڵی تری تێکۆشان (چەمکێك لە مێژوویحیزب)، بەشی دووەم، چاپخانەی بابان، سلێمانی، 2009
22. هاورێ سورە: هەگبە هەمە ڕەنگەکەم، پوختەیەك لە ژیان و یادەوەری و بەسەرهاتی ڕۆژەسەختەکانی خەباتی دوێنێ و ئازادی و روداوی ئەمڕۆ، چ1، ب.ش.چ، 2009,

- **نامە زانکۆییەکان:**

23. ژیلوان عبدالله احمد: حیزبی شیوعی عێراق و ڕۆڵی لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە باشوری کوردستان (1975-1991)، سلێمانی، 2008، (بلاونەکراوە).

- **سەرچاوەی کتێب کوردیەکان:**

24. ئیدریس سیوەیلی: ڕەوتی ئیسلامی لە باشوری کوردستان 1946-1991، چ2، ب.ش، 2009,
25. ئینگا روگ و هانس ڕێمش: کوردان لە ململانێکانی عێراقدا هەم تەرەفن هەم قوربانی، و، بەرزانی مەلا تەها، چ1،چاپخانەی سایە، سلێمانی، 2009.
26. بەهرۆز گەلاڵی: ڕەسوڵ مامەند50 ساڵ تەمەن و 33 ساڵ خەبات، چ2، سلێمانی، 1998,
27. برایم جەلال: چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە، چ1، چاپخانەی ڕون، سلێمانی، 2011,
28. بێ ناوی نوسەر: دادگای مێژوو.دیالۆگێك لە نێوان سەرۆك ئاپۆ، ئیبراهیم ئەحمەد، محمد ڕەسوڵ هاوار، چ1، 2000,
29. پشکۆ نەجمەدین: ئەزمون و یاد، ئاڵای شۆڕش و حیکایەتەکانی زیندان، ب.ش.چ، سوید، 2007,
30. پشکۆ نەجمەدین:دیوی ناوەوەی ڕووداوەکان، وەلامێك بۆ نەوشیروان مستەفا، کتێبی گوڵان، چ1، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، 1997,
31. جەلال دەباغ: خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی پشتئاشان لەنێوان ئازارو بێدەنگی دا، چ1، هەولێر، 2000.
32. جەمال فەتحوڵلا تەیب(دکتۆر) : بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان (21\3\1975-28\11\1980) - لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی سیاسیە، چ1، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، 2012,
33. جەمال نەبەز: کوردستان و شۆڕشەکەی، چ3، چاپخانەی منارە، هەولێر، 2007، ل120.
34. جلال تالبانی: کوردستان و بزوتنەوەی نەتەوەی کورد، و، ح-1، چ1، بەیروت،1970.
35. حەسەن بارام: مەوسەعەی پارتەسیاسیەکانی کوردستان و عێراق (1908-2005)، چ1، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی، 2012، ل106.
36. حیکمەت محمد کریم ( مەلا بەختیار) ): شۆڕشی کوردستان و گۆڕانکاریەکانی سەردەم خەباتی شاخەکان یان ڕاپەڕینی شارەکان، چ3،چاپخانەی ڕۆشنبیر، هەولێر، 1993.
37. دلێر ئەحمەد حمەد و سەروەرعبدالرەحمن: دانوستانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حکومەتی عێراق، چاپخانەی هیڤی، هەولێر.2011.

38. ديڤيد مەكداول: مێژووی هاوچەرخی کورد، و. ئەبوبکر خۆشناو، چ2، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ،2005,

39. ڕێباز: قەندیل بەغدادی هەژاند، ب1، چ1، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، 2008.

40. سەلام عەبدولکەریم: ژیانی سیاسی لە باشوری کوردستان( سەرهەڵدانی ڕەوتی سۆسیالیستی و دروستبونی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان) وەك نمونە، چ1، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی ،2011,

41. سەلام ناوخۆش: دۆزی کورد لە نێوان بەرداشی مارکسیەت و دیموکراسیەتدا، چ1، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2012.

42. شاخەوان شۆڕش: قادر شۆڕش چل ساڵ خەبات و تێکۆشان (دیوی ناوەوەی هەندێ لایەنی مێژووی خەباتی نەتەوەی کورد لە نێوان ساڵی 1946-1983 دا، چ2، کوردستان 2001-2002.

43. گەراس ئار. ڤی. ستانسفێڵد: کوردستانی عێراق . پەرەسەندنی سیاسی وپشکووتنی دیموکراسی، و. د.یاسین سەردەشتی، چ1، چاپخانەی سیما، سلێمانی، 2010,

44. گۆینتەر دیشنەر: کورد گەلی لەخشتە براوی غەدرلێکراو، و. حمە کریم عارف، چ2، چاپخانەی ڕۆشنبیر، هەولێر، 1999,

45. عبدالرزاق عبد الرحمن: تێروانینێك بۆ دۆزی کورد، چ1، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، 2001,

46. عەلی تەتەر نێروەی(دکتۆر) : بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراق لەساڵەکانی جەنگی عێراق ئێراندا(1980-1988)، چ1، چاپخانەی هاشم، هەولێر.2008,

47. علی تەتە رنێروەی(دکتۆر) : سیاسەتی حکومەتی عێراق لە کوردستان لە سایەی بەڵگەنامە فەرمیەکاندا 1975-1991، ب1، چ1، چاپخانا زانکۆیا دهۆك، دهۆك، 2010,

48. فاتح ڕەسول: بنچینەی مێژووی بیروچکەی چەپ لە کوردستان، چ2، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، 2005,

49. فاتح ڕەسوڵ: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی خەباتی گەلی کوردمان، ب1،چ2، سوید، 1988,

50. فاتح ڕەسوڵ: لەکاروانێکی دوورو درێژدا"کورتەی خەبات و ئەزمونی پەنجا ساڵ"، چ1، ستۆکهۆڵم، 1997,

51. کاروان ئەنوەر مەسیفی: صدام حسێن پانۆرامای سیاسەتی خوێناوی، ب1، چ1، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، 2011، ل20.

52. کەنداڵ و ئەوانی تر: گەلێکی پەژموردە ونیشتمانێکی پەرت، و. م. گۆمەیی و ا. حەوێزی، سوید، 2002.

53. کریس کۆچێرا : بزوتنەوەی نەتەوەی کورد و ویستی سەربەخۆی، و.لە فارسیەوە، حەسەن ڕەستگار، چ1، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2013.ل 111.

54. لۆرانس کاپلان و ویلیام کرستك: جەنگی عێراق، و. عەبدالکریم عوزێری، چ1، چاپخانەی شڤان، سلێمانی،ب.س.چ.

55. ماریانا خاروداکی: کوردوسیایەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، و. مامکاك، چ1، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، 2011.

56. مەغدید حاجی: حیزبی شیوعی عێراق، دامەزراندن و سەرەتای ڕەوتی مێژووی (1934-1940)،چ1، هەولێر ، 1997

57. مەهدی ئەنیس جەرادات: حیزبەسیاسیەکان لە نیشتمانی عەرەبیدا، و. محەممەد فاتیح، چ1، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، کوردستان- سلێمانی، 2012 ، ل166.

58. محەمەد شاکەلی: لە بزووتنەوەوە بۆ حیزبی سۆسیالیستیکوردستان 1976-1993، لاپەڕە هەڵنەدراوەکان، چ1، چاپخانەی کارۆ، کەرکوك، 2011.

59. محەمەد مێرگەسۆری: تروسکاییەك لە شەوەزەنگدا، چ1، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری وپێگەیاندنی کادیران، ب.ش.چ، سلێمانی،2013

60. محمد ساڵح عەقراوی: کورد و دەوڵەتی سەربەخۆ بەپێی بەڵگەنامە نێو دەوڵەتیەکان، چ1، چاپخانەی خانی، دهۆك، 2007,

61. محمد فاتیح: حیزب و ڕێکخراوە سیاسیە عێراقیەکان 1910-2010 ، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران،ب.ش.چ، سلێمانی،2012,

62. محمد فاتح: حیزب و ڕێکخراوە مارکسیەکان لە جیهانی عەرەبیدا، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 2013,

63. مسعود عبدالخالق: مەوسوعەی جودی بۆ چەمك وزاراوەکانی سەردەم، ب1، چ1، هەولێر، 2008.

64. مهدی محمد قادر:پێشهاتە سیاسیەکانی کوردستانی عێراق (1945-1958)، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، سلێمانی، 2005، ل 198

65. نادر ئینتیسار: ئیتنۆ نەتەوایەتی کورد، و. عەتا قەرەداغی،چ1، چاپخانەی تیشك، سلێمانی،2004,

66. نەجم سەنگاوی: خەباتی چەکداری و رامیاری نەتەوایەتی کورد (1880-1994)،چ1، چاپخانەی پەیوەند، کەرکوك، 2009.

67. نەوزاد علی ئەحمد: پشکۆیەك لە خۆڵەمێش( بەشێکی گرنگ لە ژیاننامەی هۆمەر شێخ مووس)، چ1، ب.ش.چ، سوید، 2010,

68. نەوزاد عوسمان (نەوزادی موهەندیس) ): ڕێبازی سۆشیال دیموکرات و کۆمەڵگەی کوردەواری، چ1، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2008، ل158.

69. نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتر ئەشکێنن، دیوی ناوەوەی رووداوەکانی کوردستانی عێراق 1979-1983 ، چ3 ، 1998,

## سەرچاوە عەرەبیەکان:

70. بەهادین نوری: الحزب الشیوعی العراق فی 1958-1991 ، گ4، 1991,
71. سمیر عبدالکریم: أچواو علی الحرکه الشیوعیه فی العراق ، ج5، دار المرصاد ، بیروت.
72. صلاح الخرسان: التیارات السیاسیه فی کردستان العراق، گ 1 ، بیروت- لبنان، 2001.
73. قادر رشید(ابوشوان) : پشت ئاشان بین الالام و الصمت ، سوید،2004.

## • گۆڤارەکان:

74. اسماعیل تەنیا: لە پەراوێزی بیرەوەریەکانی بانیخێڵانیدا، گۆڤاری ئازادی، ژ(3و4) ئادار و گەلاوێژی2002، ل20-21.
75. ئەحمەد حەمەد ئەمین: بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان1975-1982، گۆڤاری کەلتور، ژ9، 2013.
76. خدر معسوم: پشتئاشان بە بڕیاری سەرکردایەتی یەکێتی بوو نەك نەوشیروان مستەفا، گۆڤاری لڤین، ژ 83 ساڵی حەوتەم، 15ی کانونی دووەمی 2009.
77. دەشتی سەباح: پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڕێ فریشتە، گۆڤاری لڤین، ژ52، 2007.
78. فوئاد سدیق: حیزبە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان لە خەباتی سیاسیەوە بۆ دابەشکردنی دەسەڵات، گۆڤاری ڕۆشنگەری، ژ31-32.
79. لاوك (سەربەست حسین) :حیزبی شیوعی عێراق و مەسەلەی کورد، گۆڤاری کۆمەڵە، ب1، ژ10، خولی3، کانونی دووەمی 1986.

## • پێگەکانی ئینتەرنێت:

80. ستیفان شەمزینی: دیمانە لەگەڵ قادر ڕەشید"ابوشوان" سەرکردەی دێرینی حیزبی شیوعی
81. http://klawrojna.com/index.php?option=com_content&view=article&id=18958&catid=26&Itemid=42
82. شەماڵ عادل سەلیم:قەسابخانەی پشتئاشان لە گێڕانەوەی شایەتحاڵێك، ئینتەرنێت, http://www.malmokurd.com/ArticleDetail-162-10#.UrwwWNJDsns

## • چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی:

83. کەناڵی ئاسمانە ,nrt چاوپێکەوتن لەگەڵ بەهادین نوری، بەرنامەی ڕووداو و مێژوو، بەشی دووەم.(10\6\2011(
84. کەناڵی ئاسمانی ,nrt چاوپێکەوتن لەگەڵ پشکۆ نەجمەدین ، بەرنامەی ڕووداو و مێژوو، بەشی یەکەم،(18\6\2013(
85. کەناڵی ئاسمانی ,nrt چاوپێکەوتن لەگەڵ محمدی حاجی محمود، بەرنامەی ڕووداو و مێژوو، بەشی سێیەم، (17\1\2013)


.